

# حاکمێکمان دەوێ
# شەرم لە خۆ بکات..!






**فەیسەڵ دەباغ**

■

بۆ گوڵان نووسیویەتی

جوانترین و کاریگەرترین و پڕماناترین دروشم کە لە خۆپیشاندانەکانی بەسرەو نەجەف و میسان و کەربەلا و موسەننا و ناسریە و بەغدا و شاروشارۆچکەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەرزکرابۆوە ئەو دروشمە بوو کە دەڵێ: «حاکمێکمان دەوێ شەرم لە خۆ بکات».

من ئەو دروشمە بە کورتکراوەی هەموو ئەو دروشمانە دادەنێم کە لەو خۆپیشاندانەدا بەرزکرابوونەوە. حاکم کە بەڵێن دەدات، دەبێ پابەندی بەڵێنەکانی بێ، ئەگەرنا ئەوە شەرم لەخۆی ناکات..!!

لەوەتەی راسپاردنی بە پێکهێنانی حکومەت لە مانگی ئابی ٢٠١٤، عەبادی نەیتوانی هیچ یەك لە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات.

بەڵێ بەڵێنێکی زۆری دا، بەڵام نەیتوانی واقیعی راستەقینەی خزمەتگوزاری بەرەو باشی ببات، تا وایلێهات لە هەندێ کەرتەکانی خراپتر ببێ.

عەبادی هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری جێبەجێ نەکرد کە شایەنی باسکردن بێ، ئەمە لە کاتێکدا وەزیرە خزمەتگوزارییەکانی لە کەسانی تەکنۆکراتن.

پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵیش بەسەر تەمەنی کابینەکەیدا، کاتێ داوای لێکرا، گۆڕانکاری لەو کابینەیەدا بکات، بەڵام نەیکرد.

ماوەی سێ هەفتەیە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن کە لە زۆربەیاندا بووە هۆی پێکدادانی توند لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی حکومەت بە حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی دیکە کە دەیان کوژراو و بریندار لێکەوتەوە.

عەبادی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هەمدیسان چەند بەڵێنێکی نوێی دا، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی لە برۆکسل و گەیشتنی بە پارێزگای بەسرە.

بەڵام ئەمجارە خۆپیشاندەران ئەو بەڵێنانەی عەبادییان بە هەند هەڵنگرت، کاتێ لەگەڵ شێخ و ریشسپییانی عەشایەری بەسرە کۆبۆوە کە تیایدا گوتی: خەڵکانێکی موندەس (وەك غەوغائەکەی زەمانی سەدام) هەن لەنێو خۆپیشاندەراندا و تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە حکومەتەکەی ئامادەیە بە شێوەیەکی خێرا خزمەتگوزارییەکانی چاکتر و زیاتر بکاتەوە.

خۆپیشاندەران ئابلۆقەی عەبادییان دا لە شوێنی حەوانەوەی و داوایان کرد چیتر خەڵك بە بەڵێنەکانی هەڵنەخەڵەتێنێ و چاکسازییەکی راستەقینە ئەنجام بدات.

پاش ئەو رووداوە بە چەند کاژێرێك عەبادی بە پێچەوانەی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان چەند بڕیارێکی دەرکرد، وەك خەرجکردنی پارە تەرخانکراوەکانی بەسرە کە بڕەکەی ٣,٥ تریلیۆن دیناری عێراقی بوو. ئەویش بۆ بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی کارەبا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی، ئەمە سەرەڕای تەرخانکردنی چەند هەزار پلەیەکی وەزیفی بۆ بێکاران و زیادکردنی بەرکەوتی ئاوی پێویست بۆ باشوور.

کە دەڵێم بڕیارەکانی پێچەوانەی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانە پشت بە چەند راستییەك دەبەستم:

١- داواکارییەکانی خۆپیشاندەران یەکن، چ لە بەسرە بێ، یان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بۆیە پێویست بوو لەسەر عەبادی بڕیارەکانی گشت پارێزگاکانی بگرێتەوە نەك تەنیا ئەو پارێزگایانەی کە خۆپیشاندانیان لێکراوە، چونکە بەپێی دەستوور و یاسا و مەسئولییەتی ئەخلاقی، پارێزگاکان یەکسانن لە ماف و ئەرکدا. دەرکردنی بڕیار تەنیا بۆ چەند پارێزگایەکی تۆڕاو دەبێتە خۆی پەیدابوونی سەقافەیەکی نوێ کە پشت بە پرنسیپی وەرگرتنی ماف بە هێز دەبەستێ.

٢- بەڵێنەکانی بەزیادکردنی بەرکەوتی کارەبا و ئاو بۆ پارێزگاکانی تۆڕاو ئەو پرسیارە دەورووژێنێ: ئایا عەبادی لە کوێ ئەو بەرکەوتە زیاد دەکات؟ چونکە بڕ و قەوارەکەی دیارە.

ئایا بەو خێراییە دەتوانێ زیادیان بکات؟ وابزانم ئەکە کارێکی مەحاڵە، ئەگەر وەڵام ئەوە بێ زیادکردنەکە لەوەی هەڵگیراوەتەوە، خۆ ئەمەش پرسیارێکی دیکە دەورووژێنێ کە

دەڵێ: باشە بۆ بەر لە ئێستا بەکار نەدەهێنران؟

٣- سەبارەت بە دامەزراندنیش، ئەوە پێویستی بە پارەی تەرخانکراوە هەیە، لەمەشدا ئێمە لەبەردەم دوو ئەگەردایین: یان ئەوەتە بەڵێنی دامەرزاندنەکە تەنیا بۆ سەرکردنە، یانیش ئەو پارەیە لەبەر دەستدایە، کە ئەمەشیان ئەو پرسیارە دەورووژێنێ کە تا ئێستا بۆ ئەو پارەیە بەکار نەدەهێنرا؟

٤- لەوەتەی عەبادی بووەتە سەرۆك وەزیران بە بەردەوامی تەئکید لەسەر نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی دەکاتەوە. چوار ساڵ تێپەڕی، نەماندیت یەك گەندەڵکاریش لە شاشەی تەلەفزیۆن دەربچێت.

لەوانەیە عەبادی بڵێ بە شێنەیی کار دەکەین، بەڵام ئەمە قابیلی قبووڵ نییە، چونکە نیشاندانی گەندەڵکاران سێ ئامانج دەپێکێ:

(١) عیبرەت وەرگرتن.

(٢) راستگۆیی لەگەڵ هاوولاتییان.

(٣) گێرانەوەی مافی میللەت لە گەندەڵکاران.

بەهەر حاڵ چارەسەرەکانی عەبادی پینەیین کە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك چارەسەری تەنگژەکانی ئەو پارێزگایانە ناکات، ئەگەر پلانێکی پەرەپێدانی درێژخایەن بۆ هەموو عێراق دانەنرێ، ئەویش پاش ئەنجامدانی زنجیرە چاکسازییەك لە بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و دادگاییکردنی گەندەڵکاران کە تا ئێستا لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی یاسادان.

بۆیە دەکرێ بڵێین: بەڵێنە نوێیەکانی عەبادی بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خۆپیشاندەران نییە، بەڵکو بۆ هێنانەدی ویستی خۆیەتی کە ئەویش ویلایەتی دووەمە.

فەشەلە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و چاککردنی ئاستی گوزەران، بوو بە سووتەمەنییەك بۆ ئەو جوولە کۆمەڵایەتییەی کە ئێستا روودەدات، کە بەبێ چاککردنی پرۆسەی سیاسی لە بنچینەوە کۆتایی پێ نایەت.

بەر لە هەڵبژاردن حکومەتی عێراق بەدەست چەند تەنگژەیەکی گەورەوە دەیناڵاند، بەڵام پاش هەڵبژاردن بە رادەیەکی زۆر تەنگژەکان زیادیان کرد، ئەمەش لەژێر سایەی ئەو دابەشبوونەی کە تووشی قەوارە سیاسییەکان بۆتەوە، بەتایبەتی لە خودی ماڵی شیعەوە، بوونی بەربەرەکانییەکی توندە بە مەبەستی دروستکردنی قەوارە گەورەکە کە مافی پێکهێنانی حکومەتی پێ دەسپێردرێ.

من بە دووری نازانم ئەو خۆپیشاندانانە ببنە هۆی روودانی راپەڕینێکی فراوانی جەماوەری دژ بەو سیستەمەی کە ماوەی ١٥ ساڵە عێراق بەڕێوەدەبات، بەتایبەتی پاش هاتنی مەرجەعیەت بۆ سەر خەت.

«خۆپیشاندەران شێوازەکانی خۆیان پەرە پێ دەدەن، ئەگەر حکومەتی داهاتوو داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکات».

ئەمە رێك قسەی نوێنەری مەرجەعی باڵایە کە لە رۆژی هەینیی رابردوو کردی، کە من پێموایە چوار دەلالەتی تێدایە: یەکەمیان بۆ خۆپیشاندەرانە کە ئەمە دواچەکمانە بۆ چاککردنەوەی باری حکومەت و ئەو کارەشیان نابێ ببێتە رێگر لەبەردەم پێکهێنانی قەوارە گەورەکە و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە کەسێکی بەهێز و بەتوانا سەرۆکایەتی بکات.

دووەمیان بۆ هێز و قەوارە سیاسییەکانە کە نابێ کەس گفتوگۆکانی پێکهێنانی قەوارە گەورەکە راگرێ، کە ئەمەش رێك ئاراستەی سەدر کراوە کە پێشتر داوای کردبوو گفتوگۆکان رابگیرێن تا ئەو کاتەی داواکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ دەکرێ.

سێیەمیان بۆ دادگاکانە کە نابێ بە هیچ شێوەیەك بچنە ژێر باری ئەم لایەن و ئەو لایەن و بە زووترین کاتیش بڕیار لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بدەن.

چوارەمیان بۆ حکومەتی ئێستایە و پێی دەڵێ کاری تۆ تەواو و هەر ئەوەندەت لەسەر شانە تا پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو وەزعەکە راگری، کە ئەمەش پەیامێکی پڕمانایە بۆ عەبادی کە بیر لە ویلایەتی دووەم نەکاتەوە.





# هزری توندڕۆیی و پەروەردەکردنی گەلەگورگی خۆماڵی لە کوردستاندا

**کاتێک مەلا شوان لە هەولێرەوە بەیعەتی بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی داعش دا، هەولێری بەجێهێشت و خۆی گەیاندە ناوچەکانی خەلافەت، چونکە دەیزانی ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستی خۆکوژ لە کوردستاندا بوونی نییە**

**ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەکە بە جۆرێک ژینگەی کۆمەڵایەتی تێکداوە کە ئەم گورگانە لەناو ماڵ و گەرەکانی خۆماندا شاردراوە بن**

**ئەگەر پێشتر بۆ رێگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو شارەکانی کوردستان، دەزگاکانی ئاسایش پشتێنەی ئاسایشیان بەدەوری شارەکاندا دروست کردبێت، ئەوا ئێستا لەناو ئەو پشتێنەیەی ئاسایشی شارەکاندا ژینگەیەک دروست بووە کە خۆی تیرۆریستی خۆماڵی بەرهەم دەهێنێت**

**ئەو تیرۆریستانەی ژینگەی سیاسیی وڵاتانی رۆژئاوا بەرهەمی دەهێنێت، هەموویان ئەو خەڵکە بیانییانەن کە وەک پەنابەر چوونەتە ئەو وڵاتە و دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەو وڵاتە بوونەتە هاووڵاتی ئەو وڵاتە**

کاتێك مەلا شوان لە هەولێرەوە بەیعەتی بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی داعش دا، هەولێری بەجێهێشت و خۆی گەیاندە ناوچەکانی خەلافەت، چونکە دەیزانی ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستی خۆکوژ (Homegrown terrorism) لە کوردستاندا بوونی نییە، ئەمەش راشکاوانە بەو مانایەی ئەگەر هاووڵاتییەکی کوردستان بە رێگەی دینداری لە بیروبۆچوونیشدا بگاتە ئەو پەڕی رادەی توندڕەوی، ئەوا ئەو هزرە توندڕەوییە لای تاکێکی ئەم وڵاتە نابێتە هۆکاری ئەوەی بەو ئاستە رقی لە کوردستان بێت و کردەوەی خۆکوژی دژی دامەزراوەکانی ئەنجام بدات.

لەگەڵ ئەوەی حوکمڕانیی کوردستان بێ کەموکوڕی و رەخنە نییە، بەڵام هێشتا کەموکوڕییەکانی ئەم حوکمڕانییە بەو ئاستە خەڵکی بێ ئومێد نەکردووە کە تیرۆریستی گورگی تەنیا (Lone Wolf terrorism)ی لێ بکەوێتەوە، دیارە تیرۆریستی گورگی تەنیا ئێستا لە جیهاندا بۆتە دیاردەیەکی باو و بە کەسێك دەگوترێت کە لە بێئومێدبووندا گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت و پاشانیش پەنگخواردنەوەی نائومێدییەکەی لەو گۆشەگیرییەدا لە ساتێکدا دەتەقێتەوە و ئەو تاکە دەبێتە گورگێکی هار و هەر شتێکی بەردەست بکەوێت، دەیکاتە چەك و بەکاری دەهێنێت و دەیەوێت وڵات و کۆمەڵگەکەی خۆی پێ کاول بکات و هاووڵاتیانی کۆمەڵکوژ بکات. کەواتە لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانیشدا هەندێك هۆکار بۆ نائومێدبوونی گەنجان بوونی هەیە، گەنجەکان لە ئاکامی ئەم بێئومێدبوونەیان وەك کاردانەوە تووڕە دەبن و رەخنە لە حکومەت و دامودەزگاکانی دەگرن، بەڵام ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان ئەو ژینگەیە نییە کە ئەو گەنجە تووڕەیە بگۆڕێت بۆ گورگێکی تەنیا و لە ساتێکدا بتەقێتەوە و هەرچی بەردەست بکەوێت، بیکاتە چەك و وڵاتی خۆی پێ کاول بکات، یان براکانی خۆی پێ کۆمەڵکوژ بکات.

ئەگەر لێرەوە هەڵوەستەیەك لەسەر کردەوە تیرۆریستییەی هەفتەی رابردوو بکەین کە سێ تیرۆریستی گەنج هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر، ئەوا هەڵوەستەیە دەبێت لەو خاڵەوە سەرچاوە بگرێت کە ئەو کردەوە تیرۆریستییە خاڵی وەرچەرخانە لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا و ناکرێت بە کردەوە تیرۆریستییەکانی پێشتری هەولێر، یان شارەکانی دیکەی کوردستان بەراورد بکرێت.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا دوای ئەو رووداوە رایگەیاند، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٨، تەنیا پێنج کردەوەی تیرۆریستی لە هەولێر ئەنجامدراوە، بەو هێرشە تیرۆریستییەشی کراوەتە سەر پارێزگای هەولێر، ئەم ئامارەی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بۆ رای گشتی ئاماژەی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیە بۆ لێهاتوویی دەزگاکانی ئاسایش و دژە تیرۆر و پۆلیس لە کوردستاندا، بەڵام ئەگەر چوار کردەوە تیرۆریستییەکەی پێشتر بەم هێرشە تیرۆریستییەی سەر پارێزگای هەولێر بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین کە شێواز و ئامانج و کاراکتەرەکانی ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییانە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر پارێزگای هەولێر هەیە، دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- ئەگەر سەیری ئەو دوو هێرشە تیرۆریستییە بکەین کە لە دوو کاتی جیاوازدا کراوەتە سەر باڵەخانەی ئاسایشی هەولێر، ئەوا دەبینین ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە تیرۆریستییانە خەڵکانێکی تیرۆریست بوون کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دزەیان کردبوو و هاتبوونە ناو هەرێمەوە، لەمەش زیاتر زۆر ئاساییە تیرۆریستانی بیانی چاویان بە ئاسایش و سەقامگیریی کوردستاندا هەڵنەیەت و ئەو دامەزراوەیە بکەنە ئامانج کە شکۆی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان دەپارێزێت.

٢- سەبارەت بەو دوو هێرشە تیرۆریستییەی دیکەش کە ئامانج لێیان ئەوە بووە بگەنە کونسوڵخانەی ئەمریکا، ئەمەشیان وەك هەر کارێکی تیرۆریستی شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئاسانە خەڵکانێك تەنانەت هەتا خەڵکی کوردستانیش بن، بە رێگەی ئەو هزرە توندڕۆیە

رقێکی ئەوتۆی لە ئەمریکا بۆ دروست بکرێت کە بەکاری لەو شێوەیە هەڵبستێت، ئاشکراشە لەناو هزری توندڕۆیی ئیسلامیدا، سەدان هۆکار هەن کە ئەو خەڵکانە وا لێ بکەن کە رقلێبوونەوەیان بگاتە ئەو ئاستەی هێرش بکەنە سەر کونسوڵخانە و باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا. بۆیە ناکرێت بەم تیرۆریستانەش بگوترێ، تیرۆریستی پەروەردەی ژینگەی خۆماڵی.

٣- ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم هێرشە تیرۆریستییەی کە کراوەتە سەر پارێزگای هەولێر ئەوەیە کە ئەم گەلە گورگەی بوونەتە تیرۆریست و هەڵدەکوتنە سەر دامەزراوە مەدەنی و خزمەتگوزارییەکانی وڵاتی خۆیان، خۆیان کوردن و هاووڵاتی کوردستانن و لەمەش زیاتر خەڵکی شاری هەولێرن، ئەم حاڵەتە بە وەرچەرخانێك لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان دادەنرێت کە بووەتە ژینگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەکردنی گەلەگورگی تیرۆریست و هەمیش ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەکە بە جۆرێك ژینگەی کۆمەڵایەتی تێکداوە کە ئەم گورگانە لەناو ماڵ و گەرەکانی خۆماندا شاردراوە بن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پێشتر بۆ رێگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو شارەکانی کوردستان، دەزگاکانی ئاسایش پشتێنەی ئاسایشیان بەدەوری شارەکاندا دروست کردبێت، ئەوا ئێستا لەناو ئەو پشتێنەیەی ئاسایشی شارەکاندا ژینگەیەك دروست بووە کە خۆی تیرۆریستی خۆماڵی بەرهەم دەهێنێت، ئەم تیرۆریستە خۆماڵیەش وە نەبێت، گرووپێك لە عەرەبی شارەکانی دیکەی عێراق سوودیان لە ژینگەی ئازادی کوردستان وەرگرتبێت، نەخێر بەپێچەوانەوە هاووڵاتی کوردستان و خەڵکی شاری هەولێر لەو ژینگە سیاسییەدا بوونەتە تیرۆریست و پەلاماری دامودەزگا مەدەنی و خزمەتگوزارییەکانی شارەکەی خۆیان داوە..

ئەگەر لەسەر ژینگەی سیاسی بۆ دروستکردنی تیرۆریستی خۆماڵی زیاتر قسە بکەین و دەوڵەتانی رۆژئاوا وەك نموونە وەربگرین، دەبینین ئەو تیرۆریستانەی ژینگەی سیاسیی وڵاتانی رۆژئاوا بەرهەمی دەهێنێت، هەموویان ئەو خەڵکە بیانییانەن کە وەك پەنابەر چوونەتە ئەو وڵاتە و دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەو وڵاتە بوونەتە هاووڵاتی ئەو وڵاتە، بەڵام هاوڵاتی رەسەنی وڵاتەکە، ئەگەر بۆ نموونە هاوڵاتیەکی هۆڵەندی وەربگرین، دەبینین بەشی هەرە زۆری ئەو هۆڵەندییانەی پەیوەندییان بە رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعشەوە کردووە، لە بنەڕەتدا هۆڵەندی نین و بە رێگەی پەنابەری بوونەتە هاووڵاتیی هۆڵەندا، دیارە ئەمە بۆ تەواوی وڵاتانی رۆژئاوا بە شێوەیەکی رێژەیی راستە.

## ● کاتێك ژینگەی سیاسی دەبێتە نەوایەك بۆ گەشەکردنی تیرۆریستی خۆماڵی

هەفتەی رابردوو، هاوکات لەگەڵ هێرشە تیرۆریستییەکە بۆ سەر پارێزگای هەولێر، ئاسایشی هەولێر رایگەیاند، ماوەیەك پێش ئێستا ئیسماعیل سوسەیی کە پێشتر وتارخوێنی یەکێك لە مزگەوتەکانی هەولێر بووە، دەستگیریان کردووە و لەبەردەم دادگا دانی پەوەدا ناوە کە بەیعەتی بە داعش داوە، هەروەها رایگەیاند کە بەڵگەی تەواویان داوەتە دادگا لەسەر سەلیم شوشکەیی پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە پەیوەندی بە رێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە هەیە و دەبێت بە رێگەی یاسایی دەستگیر بکرێت.

سەبارەت بە ئیسماعیل سوسەیی، دیارە بەپێی لێدوانەکانی وەزارەتی ئەوقاف چەند ساڵێك پێش سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەسەر وتارە توندەکانی لە وتارخوێنی رۆژی هەینی لابراوە و، دوای ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش موسڵ دەگرێت و خەلافەت رادەگەیەنێت، ئەوا ئیسماعیل سوسەییش وەك مەلا شوان بەیعەتی بە خەلافەت داوە.

ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئەم هەڵکۆڵینە مێژووییە چیمان پێدەڵێت؟ بێگومان ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە پێش ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە (لقی عێراق) بیروبۆچوونی خۆی بگۆرێت و بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بکاتەوە، ئەم بیروبۆچوونە لە مزگەوتەکانی کوردستاندا زەمینەی لەبار بۆ گەشەکردنی هەبووە،هەر بۆیە لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، ئەو

**پێش ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە (لقی عێراق) بیروبۆچوونی خۆی بگۆرێت و بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بکاتەوە، ئەم بیروبۆچوونە لە مزگەوتەکانی کوردستاندا زەمینەی لەبار بۆ گەشەکردنی هەبووە، هەر بۆیە لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، ئەو بەناو مەلایانە بەیعەتیان پێداوە**

**ماوەی هەفتەیەکە لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ و بە رێگەی پەرلەمانتارەکانیان لە رێگەی تەلەفزیۆنەکانی سلێمانییەوە، زۆر بە توندی و بە زمانێکی ئیرهابی فیکری هێرش دەکەنە سەر دامەزراوەکانی ئاسایشی پارێزگای هەولێر و سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و، لەبری ئەوەی سەلیم شوشکەیی رادەستی دادگا بکەن و بە رێگەی یاسایی بەرگری لێ بکەن**

**ئەحمەدی حاجی رەشید پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی NRTیەوە دەڵێت: «ئێمە سەلیم شوشکەیی تەسلیمی دادگاکانی هەولێر ناکەین»، ئەمەش مانای ئەوەیە حزبێکی سیاسی ئیسلامی بە ئاشکرا خۆی بە سەر دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستاندا فەرز دەکات**

**کاتێک ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ئاڵۆزی تێدەکەوێت و زمانی لێکتگەیشتن بوونی نامێنێت و بزووتنەوەکە درزی تێدەکەوێت، ئەوا وەک هەموو لایەک دەزانێت، جیا لەوەی جاشایەتی و خیانەتکردن دەبێتە دیاردە، لە هەمانکاتدا لە رووی هزری و ئایدیۆلۆژیشەوە تەنزیری بۆ دەکرێت و شانازی پێوە دەکرێت**

**لەدوای هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر پارێزگای هەولێرەوە هەست دەکرێت دەنگێک هەیە کە بە ئاشکرا بیانوو بۆ کاری تیرۆریستی دەهێنێتەوە و رووی تیرۆریستان سپی دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەمە کاری تیرۆریستی نییە و سیناریۆیە»، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و ژینگەیەکی لەبارتر بۆ پەروەردەی تیرۆریستی خۆماڵی دەرەخسێنێت**

**هەتا ئەو کاتەی حزبی سیاسیی ئیسلامی لە کوردستاندا بوونی نەبووە، توندڕۆیی سیاسیی ئیسلامییش لە کوردستاندا بوونی نەبووە، بەڵام کاتێک حزبی سیاسیی ئیسلامی دروستبوو، ئیدی وردە وردە هزری توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانیشدا سەریهەڵدا**

بەناو مەلایانە بەیعەتیان پێداوە. بێگومان راگەیاندن تەنیا ناوی ئەوانە دەزانێت کە ئاشکرا بوون و لەوانەیە خەڵکانی دیکەش هەبن بەیعەتیشیان دابێت و لەناو ئەو ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی کوردستاندا شاراوە بن. لەسەر کەیسی ئیسماعیل سوسەیی حزب و میدیاکانی دەڤەری سلێمانی راستەوخۆ بەرگرییەکی ئەوتۆیان لەو کەیسە نەکردووە، بەڵام ناڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا ئەوەیان گوتووە کە لە هەولێر ئازادی نییە و دەنگە ئازادەکان سەرکوت دەکرێن، دیارە مەبەستیشیان لە دەنگە ئازادەکان، ئەو دەنگانەیە کە بەیعەتیان بە دەوڵەتی خەلافەتی داعش داوە.

دەربارەی کەیسی پەیوەندیی سەلیم شوشکەیی پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی بە داعشەوە، ئەوا ماوەی هەفتەیەکە لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ و بە رێگەی پەرلەمانتارەکانیان لە رێگەی تەلەفزیۆنەکانی سلێمانییەوە، زۆر بە توندی و بە زمانێکی ئیرهابی فیکری هێرش دەکەنە سەر دامەزراوەکانی ئاسایشی پارێزگای هەولێر و سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و، لەبری ئەوەی سەلیم شوشکەیی رادەستی دادگا بکەن و بە رێگەی یاسایی بەرگری لێ بکەن، زۆر بە ئاشکرا ئەحمەدی حاجی رەشید پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی NRTیەوە دەڵێت: «ئێمە سەلیم شوشکەیی تەسلیمی دادگاکانی هەولێر ناکەین»، ئەمەش مانای ئەوەیە حزبێکی سیاسی ئیسلامی بە ئاشکرا خۆی بە سەر دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستاندا فەرز دەکات.

ئەوجا ئەگەر بێینە سەر گوتاری ئەو پەرلەمانتار و چاودێرە سیاسییانەی لە سلێمانییەوە قسە لەسەر هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر پارێزگای هەولێر دەکەن، دەبینین بە ئاشکرا و بە بێ شەرم هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە رووی ئەو هێرشە تیرۆریستییە سپی بکەنەوە و دەڵێن: ئەوە سیناریۆیە و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆخۆی ئەو سیناریۆیەی دروستکردووە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و لەسەر بنەمای ئەو مێژووە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان سەبارەت بە پەروەدەی تیرۆریستی خۆماڵی چیمان پێدەڵێت؟ بێگومان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، جاشایەتی، یان خیانەتکردن لە نیشتمان چەند حاڵەتێکی دیاریکراو بووە و لەوانەیە سەرۆك هۆزێك لەبەر بەرژەوەندییەکی تایبەت جاشایەتی کردبێت، بەڵام کاتێك ژینگەی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ئاڵۆزی تێدەکەوێت و زمانی لێکتێگەیشتن بوونی نامێنێت و بزووتنەوەکە درزی تێدەکەوێت، ئەوا وەك هەموو لایەك دەزانێت، جیا لەوەی جاشایەتی و خیانەتکردن دەبێتە دیاردە، لە





هەمانکاتدا لە ڕووی هزری و ئایدیۆلۆژیشەوە تەنزیری بۆ دەکرێت و شانازی پێوە دەکرێت، لەم ژینگە سیاسییەی ئێستای کوردستانیشدا، کە تاکو ئێستا بوونی خەڵکی کوردستان بە تیرۆریست تەنیا حاڵەت بووە و لەوانەیە چەند گەنجێك هەڵخەڵەتابن و چووبنە ناو یەکێك لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە عێراق و سووریا، کە لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیی کوردستانیشدا جێگەیان نەدەبووەوە، تەنانەت هەتا ئەگەر بشکوژرانایە پرسەیان بۆ دانەدەنرا، ئەوا لەدوای هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر پارێزگای هەولێرەوە هەست دەکرێت دەنگێك هەیە کە بە ئاشکرا بیانوو بۆ کاری تیرۆریستی دەهێنێتەوە و ڕووی تیرۆریستان سپی دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەمە کاری تیرۆریستی نییە و سیناریۆیە»، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و ژینگەیەکی لەبارتر بۆ پەروەردەی تیرۆریستی خۆماڵی دەرەخسێنێت.

لێرەوە ئەگەر ڕۆبچینە ناو ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆکاری ئاڵۆزیی ژینگەی سیاسیی کوردستان و هۆکارێك بۆ دروستکردنی نەوایەك بۆ گەشەی هزری توندڕۆیی ئیسلامی لە کوردستاندا، ئەوا مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕاشکاوانە ئەو فاکتەرانە دەستنیشان دەکات و پێمان دەڵێت: هەتا ئەو کاتەی حزبی سیاسیی ئیسلامی لە کوردستاندا بوونی نەبووە، توندڕۆیی سیاسیی ئیسلامییش لە کوردستاندا بوونی نەبووە، بەڵام

**کێشەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان ئەوەیە لە کاری ڕێکخستن و پەروەردەکردنی کادر و ئەندامەکانیاندا، میتۆدێک پێڕەو دەکەن کە ئەو میتۆدە پشت بە تێگەیشتی کوردانە بۆ ئیسلام نابەستێت، بەڵکو پشت بە تێگەیشتن لەو سەرچاوانە دەبەستن کە لە وڵاتانی خۆیاندا سەرچاوەی دروستکردنی ژینگەی لەبارن بۆ هزری توندوتیژیی خۆماڵیی خۆیان**

**کۆمەڵی ئیسلامیدا ژمارەی ئەو کادر و ئەندامانەی دەبنە قوربانی دەرهاویشتە خراپەکەی میتۆدی ریکخستن و پەروەردەی ئەندام و کادرەکانیان لە حزبە ئیسلامییەکانی دیکە زیاترن و هەر رووداوێکی تیرۆریستی لە کوردستاندا دەکریێت، دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان خەڵکانێک کە پەروەردەی دەستی ئەو مەلایانەن کە سەر بە کۆمەڵی ئیسلامین، تیوەگلاون**

**لەناو هەموو حزبێکی سیاسیشدا ئەوە کارێکی ئاساییە کە چەند ئەندام و کادرێک لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکەی خۆیان لابدەن و سنووری یاسا ببەزێنن، بەڵام کاری نائاسایی و ناسرووشتی ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکە بەرگرییەکی کوێرانە لە کادر و ئەندامەکەی خۆی بکات و ڕێگەنەدات یاسا ڕێوشوێنی پێویستی لەگەڵ بگرێتەبەر و پرسەکە لە پرسێکی یاساییەوە بگۆڕێت بۆ پرسێکی سیاسی**

**ئەگەر سەرنجی گوتاری بەشێک لەو حزبە سیاسییانە بدەین کە بەحیساب خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن لەقەڵەم دەدەن، دەبینین زۆر بە راشکاوی بەرگری لە تیرۆریستان دەکەن و رووی تیرۆریستان سپی دەکەنەوە، ئەم حاڵەتە ئەو حاڵەتە ترسناکە کە چیدیکە ژینگەی سیاسیی کۆمەڵگە بەرگەی ڤایرۆسی توندڕەویی و تیرۆر ناگرێت و کۆمەڵگە بەرەو لەناوبردن دەبات**

کاتێك حزبی سیاسیی ئیسلامی دروستبوو، ئیدی وردە وردە هزری توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانیشدا سەریهەڵدا.

حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، هیچیان وەك پەیڕەو پرۆگرام بڕوایان بە کاری توندڕۆیی نییە، بەپێچەوانەوە هاتوونەتە ناو پرۆسە سیاسییەکە و بەشداریی حکومەت و پەرلەمان دەکەن و بە ئاشکرا کار و چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام کێشەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان ئەوەیە لە کاری ڕێکخستن و پەروەردەکردنی کادر و ئەندامەکانیاندا، میتۆدێك پێڕەو دەکەن کە ئەو میتۆدە پشت بە تێگەیشتی کوردانە بۆ ئیسلام نابەستێت، بەڵکو پشت بە تێگەیشتن لەو سەرچاوانە دەبەستن کە لە وڵاتانی خۆیاندا سەرچاوەی دروستکردنی ژینگەی لەبارن بۆ هزری توندوتیژیی خۆماڵیی خۆیان، بۆیە کاتێك ئەو میتۆدە لە کوردستان دووبارە دەکرێتەوە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ژینگەی سیاسیی کوردستانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگۆڕێت بۆ ژینگەی سیاسیی بەرهەمهێنانی هزری توندوتیژیی خۆماڵی، کاتێکیش ئەم هزرە توندڕەوییە خۆماڵییە لەناو ڕێکخستن و پەروەدەی ئەندام و کادرانی ئەو حزبانە گەشە دەکات و هەستی پێدەکرێت، حزبە ئیسلامییەکان لەبری ئەوەی بە پرۆگرامێکی باش هەوڵبدەن سەرچاوەی ئەو هزرە توندڕەوییە بسڕنەوە، دێن بەرگرییان لێ دەکەن و توندڕەوەکان دەشارنەوە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە خۆیان بڕوایان بە توندوتیژی هەیە، یان بە ئامانجی توندڕەویی کادر و ئەندامەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن، نەخێر، ئەوان بە حیساب بۆ گەشەی جەماوەریی خۆیان ئەو جۆرە میتۆدە لە پەروەردەکردنی کادر و ئەندامەکانیان پیادە دەکەن، بەڵام یەکێك لە دەرهاویشتە خراپەکانی سەرهەڵدانی ئەو هزرە توندڕۆییە کە هەندێك لە ئەندام و کادر و هەوادارانیان بە لاڕێدا دەبات و بەرەو کاری تیرۆریستی هەنگاویان پێ هەڵدەگرێت.

بۆیە دەکرێت بە راشکاوی بڵێین: ئەو میتۆدەی تێکڕای حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان کاری ڕێکخستن و پەروەردەی کادرانی خۆیانی پێدەکەن، بە شێوەیەك لە شێوەکان ژینگەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی هزری توندڕۆیی خۆماڵی فەراهەم کردووە، لە ناویاندا کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە بە حیسابی بەرنامەی حزبی خۆیان دەیانەوێت رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵ و سەرسەخت بگێڕن و، لاسایی حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەنەوە، ئەوا لە کۆمەڵی ئیسلامیدا ژمارەی ئەو کادر و ئەندامانەی دەبنە قوربانی دەرهاویشتە خراپەکەی میتۆدی ریکخستن و پەروەردەی ئەندام و کادرەکانیان لە حزبە ئیسلامییەکانی دیکە زیاترن و هەر رووداوێکی تیرۆریستی لە کوردستاندا دەکرێت، دەبینین بە شێوەیەك لە شێوەکان خەڵکانێك کە پەروەردەی دەستی ئەو مەلایانەن کە سەر بە کۆمەڵی ئیسلامین، تیوەگلاون.

ئەم حاڵەتە کە لەناو ئەندام و کادری حزبێکی سیاسی روودەدات، لەوانەیە حزبەکە وەك حزبێکی سیاسی لێی بەرپرسیار نەبێت و، لەناو هەموو حزبێکی سیاسیشدا ئەوە کارێکی ئاساییە کە چەند ئەندام و کادرێك لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکەی خۆیان لابدەن و سنووری یاسا ببەزێنن، بەڵام کاری نائاسایی و ناسرووشتی ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکە بەرگرییەکی کوێرانە لە کادر و ئەندامەکەی خۆی بکات و ڕێگەنەدات یاسا ڕێوشوێنی پێویستی لەگەڵ بگرێتەبەر و پرسەکە لە پرسێکی یاساییەوە بگۆڕێت بۆ پرسێکی سیاسی، ئاشکرایە کاتێك کەیسی تیرۆریستێك لە کەیسێکی یاساییەوە دەگوڕێت بۆ کەیسێکی سیاسی وەك ئەوەی ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی لە کەیسی سەلیم شوشکەیی هەوڵی بۆ دەدات، ئەمە هێندەی دیکە ژینگەی سیاسی ئاڵۆزتر دەکات و ژینگەش بۆ گەشەی هزری توندڕۆیی خۆماڵی لەبارتر دەکات.

## ● قەلاچۆکردنی تیرۆر وەك جەستەی مرۆڤ پێویستی بە ئامێری بەرگری هەیە

ژەنراڵ ستانلی ماك کریستاڵ کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان، یەکێکە لەو توێژەرانەی کە شارەزاییەکی گەورەی مەیدانی و ئەکادیمی لە بواری چۆنیەتی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر هەیە، ئەم ژەنراڵە

دوای ئەزموونێکی زۆری مەیدانی و ئەکادیمی، گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی چۆن ناتوانرێت هیچ ژینگەیەك لە ڤایرۆس و بەکتریای زیانبەخش پاك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نەخۆشییەکان بپارێزرێت، بە هەمان شێوە ناتوانرێت ژینگەی سیاسیی هیچ دەوڵەتێکیش لە ڤایرۆسی تیرۆر و توندڕۆیی پاك بکرێتەوە، لەم روانگەیەوە ئەو پرسیارەی وروژاندووە، کە نەتوانرێت ژینگەی هیچ کۆمەڵگەیەك لە ڤایرۆس و بەکتریای زیان پاك بکرێتەوە، ئەی چۆن مرۆڤەکان بە ئاسانی نەخۆش ناکەون و نامرن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەنای بردۆتە بەر پزیشکێکی زانکۆی هارڤارد بۆ ئەوەی لەوە تێبگات، چۆن ئامێری بەرگری لەناو جەستەی مرۆڤ رێگە لەوە دەگرێت ڤایرۆس و بەکتریای زیانبەخش نەبێتە هۆکاری نەخۆشکەوتنی مرۆڤەکان، پاشان هەوڵی داوە لەسەر شێوازی ئامێری بەرگریی مرۆڤ، ئامێری بەرگریی کۆمەڵگە لە ڤایرۆسی تیرۆر دروست بکات.

بێگومان بەپێی زانستی بایۆلۆژی ئامێری بەرگریی جەستەی مرۆڤ، خڕۆکە سپییەکانی ناو خوێنی مرۆڤە، ئەم خڕۆکە سپییانە کە ژمارەیان ملیۆنەها خڕۆکەیە، هەڵدەستن بە لەناوبردنی ئەو ڤایرۆس و بەکتریيانەی کە دێنە ناو لەشی مرۆڤەوە و، هەر کاتێك ئەم ئامێری بەرگرییە تێکبچێت، یان خڕۆکە سپییەکان کەم بوونەوە، ئەوا جەستەی مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی نامێنێت و بەئاسانی تووشی هەموو نەخۆشییەك دەبێت و نەخۆشییەکەشی چاك نابێتەوە و گیانی لەدەست دەدات.

لەسەر ئەم بنەمایە کە ژینگەی سیاسیی هیچ کۆمەڵگەیەکیش لە ڤایرۆسی توندڕەوی و تیرۆر پاك ناکرێتەوە، ئەوا بیر لەوە کراوەتەوە بە هەمان شێوە ئامێری بەرگریی کۆمەڵگە دروست بکرێت، بەڵام ئەم ئامێری بەرگرییەش دەبێت تاکەکانی وەك خڕۆکە سپییەکانی ناو خوێنی مرۆڤ هەموو پێکەوە ئەرکی بەرگریکردنی ژینگەی سیاسیی کۆمەڵگە بگرنەئەستۆ، هەروەها دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکانی وڵات لە کاتێکدا هەست بەوە دەکەن کە ئامێری بەرگریی کۆمەڵگە وەك پێویست کاری خۆی ناکات، دەبێت بە زوویی چارەسەری بکەن.

بۆ ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان، سەرچاوەی هزری توندڕۆیی، یان ئەوەی پێی دەڵێن تیرۆری هزری، تەنیا «ئایدیۆلۆژیای رادیکاڵی ئیسلامی سیاسی» نییە، بەڵکو رادیکاڵیەتی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییانەیە کە دەیانەوێت لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە حیساب رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەناو پرۆسەی سیاسیدا بگێڕن، هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی گوتاری بەشێك لەو حزبە سیاسییانە بدەین کە بەحیسابی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن لەقەڵەم دەدەن، دەبینین زۆر بە راشکاوی بەرگری لە تیرۆریستان دەکەن و رووی تیرۆریستان سپی دەکەنەوە، ئەم حاڵەتە ئەو حاڵەتە ترسناکە کە چیدیکە ژینگەی سیاسیی کۆمەڵگە بەرگەی ڤایرۆسی توندڕەویی و تیرۆر ناگرێت و کۆمەڵگە بەرەو لەناوبردن دەبات، لەمەش زیاتر ئەو ژینگە ئاڵۆزییە کە بە ناوی ئازادیی رادەربڕینەوە دەگۆڕێت بۆ ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆری خۆماڵی، لە ئێستادا بە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنیی خۆماڵی هەن کە نەك هەر گوتاری مەلا توندڕەوەکان دەگوازنەوە، بەڵکو بەشێکیان گوتاری ئەو مەلا سەلەفییە توندڕەوانەی وەك (زاکر نایك)یش دەکەن بە کوردی و دەرخواردی مێشکی لاوەکانی کوردستانی دەدەن.

بۆیە ئەرکی سەرەکیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ رێگرتن لە دروستبوونی ژینگەیەکی سیاسی بۆ بەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆری خۆماڵی ئەوەیە کە ئەو سەرچاوانە وشك بکەن کە ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆر دێنێتەئاراوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر خەڵکی کوردستان گەیشتە ئەو قەناعەتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان خەریکی پڕکردنەوەی ئەو زۆنگاوانەیە کە هزری تیرۆر و توندڕۆیی بەرهەم دەهێنن، ئەوا هەر تاکێکی کۆمەڵگەش وەك خڕۆکە سپییەکانی خوێنی مرۆڤ، رۆڵی ئەو ئامێری بەرگرییە دەگێڕێت و کۆمەڵگەی خۆی لە ڤایرۆسی توندڕۆیی و تیرۆر دەپارێزێت، بەبێ ئەم ئامێری بەرگرییەش هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی ناتوانێت ڤایرۆسی توندڕۆیی و تیرۆر قەڵاچۆ بکات.

**بۆ ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان، سەرچاوەی هزری توندڕۆیی، یان ئەوەی پێی دەڵێن تیرۆری هزری، تەنیا «ئایدیۆلۆژیای رادیکاڵی ئیسلامی سیاسی» نییە، بەڵکو رادیکاڵیەتی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییانەیە کە دەیانەوێت لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە حیساب رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەناو پرۆسەی سیاسیدا بگێڕن**

**لە ئێستادا بە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنیی خۆماڵی هەن کە نەك هەر گوتاری مەلا توندڕەوەکان دەگوازنەوە، بەڵکو بەشێکیان گوتاری ئەو مەلا سەلەفییە توندڕەوانەی وەك (زاکر نایك)یش دەکەن بە کوردی و دەرخواردی مێشکی لاوەکانی کوردستانی دەدەن**

**ئەرکی سەرەکیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ رێگرتن لە دروستبوونی ژینگەیەکی سیاسی بۆ بەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆری خۆماڵی ئەوەیە کە ئەو سەرچاوانە وشك بکەن کە ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆر دێنێتەئاراوە**

### خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان

# خاڵە هاوبەشەکانمان لە جیاوازییەکانمان زیاترن، بۆیە دەتوانین یەکڕیز و یەکهەڵوێست بین

بارودۆخی سیاسی هەر چۆنێك بێت، گەلی زیندوو و خاوەن ئیرادە دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بگێڕێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە وەك گەلی کوردستان چۆن دەتوانین ئەو ڕۆڵە بگێڕین و ئەو ئەرکە مێژووییەی سەرشانمان جێبەجێ بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی نەتەوە زیندووەکان دەیداتەوە، بەوەی دەبێت گوتاری نەتەوە، گوتارێکی یەکگرتوو بێت بۆ ڕزگاربوون لەژێر چەپۆکی داگیرکاری نیشتمانی، دیارە لە نیشتمانی داگیرکراودا هەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوە داگیردەکرێت، بۆیە دەبێت گوتاری نەتەوەیی ئامانجی ڕزگاربوون بێت لە داگیرکاریی هەمەلایەنە. کە ئەم گوتارە دروست بوو، ئیدی دەرگایەکی فراوان بەڕووی نەتەوە واڵا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵگە و لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بگێڕێت. ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئیرادەی گەلی زیندوو ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئازادی و ڕزگاربوونی کردبێتە ئامانج و لەسەر ئەم پرسە خاڵە هاوبەشەکانی کۆکردبێتەوە و دەرگایەکی کراوەشی فەراهەم کردبێت بۆ ئەوەی لەسەر جیاوازییەکان دیالۆگی سەردەمییانە بکرێت و چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.


**لە نیشتمانی داگیرکراودا هەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوە داگیردەکرێت، بۆیە دەبێت گوتاری نەتەوەیی ئامانجی ڕزگاربوون بێت لە داگیرکاریی هەمەلایەنە**

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە، دەبینین بەشێوەیەکی خۆڕسك گیانی لێبووردەیی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی کوردستان بوونی هەبووە و ئێستاش بوونی هەیە و بەردەوامیشە و، جیاوازیی نەتەوە و ئایین لە کوردستاندا نەك نەبۆتە خاڵێکی لاواز بۆ کوردستان، بەڵکو بۆتە ئەو خاڵە بەهێزەی کە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتییش شانازی پێوە دەکەین و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش موسڵمانەکان مزگەوتی جوانتر و کریستیانەکان کەنیسەی جوانتر و ئیزیدییەکان پەرستگای جوانتر دروست دەکەن، لەمەش گرنگتر کاتێك بارودۆخێك لە ناوچەکانی عێراق دێتە پێشەوە و هێرش دەکرێتە سەر پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکان، هەموویان پەنا دێننە کوردستان بۆ ئەوەی پێکەوە گرێدانەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان لەگەڵ کەلتووری کوردستان، جیاوازییەکانیان بە زیندوویی بمێنێتەوە.

ئەگەر لێرەوە، هەندێك خۆمان لە ئایدیۆلۆژیەت و تێڕوانینی تەسکی حزبی بێنینە دەرەوە و کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی خۆڕسکی کوردستان، بکەینە بنەمای کاری پێکەوەیی سیاسیمان و فرەحزبی لە کوردستاندا، ئەوا ڕاشکاوانە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەو کەلتوورەی توانیویەتی ئایینە جیاوازەکان و ئیسلام (بە شیعە و سوننەوە) و کریستیان و ئیزدی و کاکەیی و شەبەك و سائبە پێکەوە کۆبکاتەوە و ئەو کەلتوورەی توانیویەتی جیاوازی نەتەوەکانی کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەن پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوا زۆر بە ئاسانییش دەتوانێت جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی حزبەکانیش لە بازنەیەکی فرەحزبی تەندروستدا کۆبکاتەوە و جیاوازییەکانیش بە زیندوویی دەمێنێتەوە و هەر حزبێکیش لەو ژینگەیەدا دەتوانێت بەرنامەی باشتر بۆ ئایندەی وڵاتەکەی بکات و ململانێی سەردەمییانەش لەگەڵ حزبەکانی دیکە بکات.

**هەنگاو هەڵگرتن بۆ سیاسەتی کرانەوە و لە دەرگادانی حزبە سیاسییەکان و پشتکردنە عینادیی حزبی، دەبێت ببێتە بنەمای کاری حزبایەتی و چالاکیی حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا**

پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەمجۆرە سیاسەتی کردووە و مامەڵەی لەگەڵ تێکڕای لایەنە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان کردووە، هەر بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشی ئەیلوول دەبینین جیاوازیی فیکری و ئایدیۆلۆژیی نێوان پارتی و حزبی شیوعیی عێراق و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، نەك هەر نەبۆتە ئاستەنگ لەناو شۆڕشدا، بەڵکو جیاوازییەکان هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان وەك یەك لەشکر لەناو



## عارف ڕوشدی

راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەك سەنگەری مقاوەمەتدا کۆکردۆتەوە.

لە ئێستادا کە لە بارودۆخی سیاسیی کوردستاندا هەندێك پەرتەوازەیی هەیە، جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی بە هەمان سیاسەت داوە و نەك هەر دەرگای والاکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خاڵە هاوبەشەکان کۆبکاتەوە و پێکەوە شان بدەنە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە لەسەر شانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بەڵکو خۆی لەدەرگای هەموو لایەنە سیاسییەکان دەدات و ئامادەباشی دەربڕیوە کە سەردانی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی بکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێك حزبی سیاسی ئەم سیاسەتی لەدەرگادانەی پارتی ڕەتکردۆتەوە و ئێستاش ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان قەناعەتی تەواوی بەو سیاسەتە هەیە کە جیاوازیی فیکری و ئایدیۆلۆژیی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەك جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان، خاڵێکی دیکەی بەهێزە بۆ کاری پێکەوەیی سیاسی لە کوردستاندا و بناغەیەکی دروستە بۆ دروستبوونی یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەسەر ئەو بنەما هاوبەشانەی هەموو حزبەکانی کوردستان پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەر ئەمەش گەلی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە داوا لە تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستانی دەکەن و دەزانن بەم ڕێگەیە نەبێت، نە دەتوانین لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان گەشە بە خۆمان بدەین، نە دەشتوانین لەگەڵ بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ ڕۆڵێك بگێڕین.

کەواتە هەنگاو هەڵگرتن بۆ سیاسەتی کرانەوە و لە دەرگادانی حزبە سیاسییەکان و پشتکردنە عینادیی حزبی، دەبێت ببێتە بنەمای کاری حزبایەتی و چالاکیی حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارەیە کە هەموومان بە جیاوازیی فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە یەکتری قبووڵ بکەین و ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتری بگرین، ئەمەش تەواو پێچەوانەی عینادیی حزبی و ڕەتکردنەوەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا، چونکە ئەم جۆرە سیاسەتی عینادیی حزبییە، خاڵی بەهێزی جیاوازی فیکری و ئایدیۆلۆژی حزبە سیاسییەکان دەگۆڕێت بۆ خاڵی لاوازی یەکتری ڕەتکردنەوە و یەکتری قبوڵ نەکردن، کە ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو جۆرێك لە توندوتیژی و تیرۆری فیکری دەبات کە بەداخەوە ئێستا لە هەندێك شوێنی کوردستان بوونی هەیە، کە ئومێد دەخوازین ئەو توندوتیژی و تیرۆری فیکرییە، بە ئاشتکردنەوەی جیاوازییە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان کۆتایی بێت، نەك جیاوازییەکانمان بکاتە دژایەتی و توندوتیژی زیاتر بەرهەم بهێنێت.

ئەوەی لە ئێستا دەکرێت بە گەشبینی سەیری بکەین و بە بەرهەمێکی سیاسەتی دەرگاکردنەوە و لە دەرگادانی حزبەکان لە قەڵەمی بدەین، ئەو لێکتێگەیشتنەیە کە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ چۆنیەتی بەشداریی لایەنی کوردستانی لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، دروست بووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بەم لێکتێگەیشتنەی پارتی و یەکێتی پێگەیشتوون لەسەر دۆسیەی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا هیچ جیاوازییەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی لەنێوان یەکێتی و پارتی بوونی نەما؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر جیاوازی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، بەڵام جیاوازییەکان زیندوون و پێکەوە کار بۆ ئامانجێکی هاوبەش دەکەن، ئەمەش بەو مانایەی ئەوەی یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی لەنێوان پارتی و یەکێتی دروستکردووە بۆ ئەوەی بە بەرنامەیەکی هاوبەش بچنە بەغدا،

**ئومێد دەخوازین ئەو توندوتیژی و تیرۆری فیکرییە، بە ئاشتکردنەوەی جیاوازییە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان کۆتایی بێت، نەک جیاوازییەکانمان بکاتە دژایەتی و توندوتیژی زیاتر بەرهەم بهێنێت**

**ئەم جۆرە سیاسەتی عینادیی حزبییە، خاڵی بەهێزی جیاوازی فیکری و ئایدیۆلۆژی حزبە سیاسییەکان دەگۆڕێت بۆ خاڵی لاوازی یەکتری ڕەتکردنەوە و یەکتری قبوڵ نەکردن**

جیاوازییەکانی نێوان -پارتی و یەکێتی-یە، نەك پارتی و یەکێتی وازیان لە جیاوازییەکانی خۆیان هێنابێت، خۆ ئەگەر بەم لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان پارتی و یەکێتی نەمابێت، ئەوا چ پێویست دەکات لیژنەیەك دابنرێت بۆ نووسینەوەی بەرنامەیەکی هاوبەش، بەڵکو ئەگەر جیاوازی لەنێوان پارتی و یەکێتی نەمابێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی هەردوولا دەبنە یەك حزب و یەك بەرنامە دەنووسرێت، نەك بەرنامەیەکی هاوبەش.

پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئەو خاڵە هاوبەشانە چین کە جیاوازییەکانی پارتی و یەکێتی لە بەرنامەیەکی هاوبەشدا پێکەوە کۆدەکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانیانە، ئەو ئەرکەش ئەوەیە کە دەبێت لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نوێنەرایەتیی لایەنی کوردستانی لە پرۆسەکەدا بکەن، نەك نوێنەرایەتیی پارتی و یەکێتی بکەن، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری ئەو بنەمایانە بکەین کە بەرنامەی کاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەسەر ئامادە دەکرێت، بریتییە لە ( هاوبەشی، پێکەوە سازان، هاوسەنگی ) ئەم سێ بنەمایە کە دەستووری عێراقی لەسەر نووسراوەتەوە و گەلی کوردستان بە جیاوازیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانیەوە دەنگی پێداوە، وەك حزب دوور و نزیك پەیوەندی بە -پارتی و یەکێتی- یەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و زەمانەتی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان و سنووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە عێراقدا.

لەسەر ئەم بنەمایە پارتی دیموکراتی کوردستان داکۆکی لە سیاسەتی کرانەوە و لە دەرگادانی حزبە سیاسییەکان کردووە و لێرە بەدواشەوە پێکەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی داکۆکی لەم سیاسەتە دەکەن، بۆ ئەوەی حزبەکانی دیکەی کوردستانیش بێنە ناو پرۆسەکە و داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و شەرعییەتی دەستووری سنوور و کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەم ئەرکەش چۆن دەکەوێتە سەرشانی پارتی و یەکێتی، بەهەمان شێوە دەکەوێتە سەر شانی کۆی ئەو حزبە سیاسییانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوو هاووڵاتیان دەنگیان پێداون و نوێنەریان دەبێت لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، بەڵام گرنگە هەموو حزبەکان هەست بەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە بکەن، کە ئەو نوێنەرە کوردستانییانەی دەچنە پەرلەمانی بەغدا، تەنیا بۆ پەرلەمانتاری، یان بۆ ئەوەی پۆستێك وەربگرن، ناچنە بەغدا، بەڵکو ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە نوێنەرایەتیی لایەنی کوردستانی بکەن و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

لەوانەیە لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی کرانەوە و لە دەرگادانی حزبەکان لەلایەن پارتییەوە ئەو پرسیارە لای خوێنەر بێتەئاراوە، ئەگەر ئەو حزبانە هەر لەسەر عینادیی حزبیی خۆیان بەردەوام بن و لەمەش زیاتر بەردەوام بن کە جیاوازییەکان بگۆڕن بۆ دژایەتی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی، ئایا لەو حاڵەتەدا پارتی هەڵوێستی چۆن دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە دیدوبۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ پرۆسەی سیاسی و کاری پێکەوەی سیاسی ئەوەیە، لە تێڕوانینی پارتیدا تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و ئەوانەشی لە ئۆپۆزسیۆندان، هەموویان حزبی سیاسی نیشتمانین و لە تێڕوانینی جیاوازەوە دەیانەوێت خزمەتی ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی ژینگەی حوکمڕانیی باش و حوکمڕانییەکی باشتر بێتەئاراوە، بەڵام کاتێك حزبێکی سیاسی بۆ مەرامی حزبی دەیەوێت ژینگەی سەقامگیریی سیاسیی کوردستان تێکبدات، یان ئاڵۆزی بکات، ئەوا لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەو کردەوانە ناکرێت و دەبێت یاسا و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەری ئەو پرسە بکات و بە یاسا ڕێگری لەو کارانە بکات، دیارە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەو ڕاستییە باش دەزانن، ئەو خاڵانەی تێکڕای حزبە سیاسییەکان لەناو پرۆسەیەکی سیاسیدا کۆدەکاتەوە، ئارامی و سەقامگیریی کوردستانە، ئەگەر ئارامی و سەقامگیریی کوردستان بکرێتە ئامانج، ئەوا یاسا و دەسەڵاتی دادوەری پارێزەری ئاسایش و سەقامگیریی کوردستانە، نەك حزبە سیاسییەکان.

لە دوماهیدا دەخوازم ئەو گەشبینییەی بۆ داهاتووی کوردستان هەستی پێدەکەم، لەم دێڕانەدا ئاماژەی پێبکەم و دەڵێم:

وێڕای ئەوەی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عێراقیشەوە لە هەژانێکی گەورەدایە و مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە ئەم هەژانە بەرەو هەژانی گەورەتر و گۆڕانکاریی چاوەڕواننەکراو هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ کوردستان جۆرێك لە گەشبینی خەریکە دەردەکەوێت کە ئەویش لەو سیاسەتە لۆژیکییانەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەیەوێت جیاوازیی فیکری و ئایدیۆلۆژیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، خاڵێکی بەهێز بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستانداو دروستبوونی یەکڕیز و یەکهەڵوێستی لەناو سەرجەم لایەنە سیاسییەکاندا، جێگەی خۆشحاڵی و گەشبینییە ئەم سیاسەتە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لێکەوتۆتەوە و ئومێد دەکرێت پارتی و یەکێتی پێکەوە هەموو لایەنەکان لەیەك بازنەدا کۆبکەنەوە.

**پارتی و یەکێتی ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانیانە، ئەو ئەرکەش ئەوەیە کە دەبێت لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نوێنەرایەتیی لایەنی کوردستانی لە پرۆسەکەدا بکەن، نەك نوێنەرایەتیی پارتی و یەکێتی بکەن**

**ئیرادەی گەلی زیندوو ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئازادی و ڕزگاربوونی کردبێتە ئامانج و لەسەر ئەم پرسە خاڵە هاوبەشەکانی کۆکردبێتەوە و دەرگایەکی کراوەشی فەراهەم کردبێت بۆ ئەوەی لەسەر جیاوازییەکان دیالۆگی سەردەمییانە بکرێت و چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە**

**لە تێڕوانینی پارتیدا تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و ئەوانەشی لە ئۆپۆزسیۆندان، هەموویان حزبی سیاسی نیشتمانین و لە تێڕوانینی جیاوازەوە دەیانەوێت خزمەتی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان بکەن**



## فەریق جەمال محەمەد

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# پرۆژەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوامە و هەنگاوی باشی بڕیوە

**خراپبوونی دۆخی ئەمنی و دەستپێکردنەوەی جموجووڵەکانی داعش لە چەند ناوچەیەکی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی دووبارە گەڕاندنەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە و هەوڵ و کۆششەکانی چاکسازی لە نێو وەزارەتی پێشمەرگە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ فەریق جەمال محمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

**هەڵسوکەوتی نادروستی سوپا و حەشدی شەعبی بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە داعش بۆ ئەو دەڤەرانە بگەڕێتەوە**

**هێزەکانی هاوپەیمانان لەم دواییەدا بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە چەندین چەک و تەقەمەنییان هێناوە، بۆ پێدانی مووچەش هاریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن**

**کوردستانییانی ئەو دەڤەرانەی هێزی پێشمەرگەی لێنەماوە نە بڕوایان بە سوپای عێراقە و نە بڕوایان بە حەشدی شەعبی هەیە، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانن لەو شوێنانە بمێننەوە**

*** پێشتر پێشبینیتان کردبوو کە داعش کۆتایی نەهاتووە، ئێستا پێتانوایە بۆچی ڕێکخراوی داعش سەریهەڵدایەوە؟**

- لە ڕاستیدا پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانەی چۆڵ کرد و هێزەکانی عێراق ئەو ناوچانەیان داگیرکرد، وەك کەرکووك و دوزخورماتوو و دەوروبەری موسڵ، ئەوا زۆربەی ئەو ناوچانە وەك پێویست شەڕی داعشیان تێدا نەکرابوو، بەتایبەتی حەوزی حەمرین و دەوروبەری حەویجە و ناوچەی ڕیاز و دوبز و باشووری ڕۆژئاوای کەرکووك، واتە ئێستاش ئەو ناوچانە بۆشاییان هەیە و ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنەوەی جموجوڵی داعش. دواتر هەڵسوکەوتی نادروستی سوپا و حەشدی شەعبی بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە داعش بۆ ئەو دەڤەرانە بگەڕێتەوە. بەڵام کاتی خۆی هێزی پێشمەرگە سەنگەر و هێڵێکی تۆکمەی لەو ناوچانەدا هەبوو بۆ ڕاگرتنی هاتن و جموجوڵی ئەوان و هیچ کەلێنێك نەبوو بۆ ئەوەی دەربازی ئەو دەڤەرانە بن، کەچی دوای هاتنی هێزەکانی عێراق کەموکوڕییەکی زۆر هەن لەو ناوچانە و ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، ئەمەش هۆکاری زۆربوونی چالاکیی تیرۆریستانی داعشە.

*** خەڵکی کەرکووك نارازین لە دۆخی شارەکەیان، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری شاری کەرکووك؟**

- لە ڕاستیدا هیچ ڕێککەوتنێکی ڕەسمی لە نێوان ئێمە و عێراقدا نەکراوە و ئەمە تەنیا لە ڕاگەیاندنەوە باس کراوە، چونکە وەك وەزارەتی پێشمەرگە هیچ جۆرە دانوستاندنێکمان لەسەر ئەو بابەتە نەکردووە.

*** باسی هێزەکانی هاوپەیمانانت کرد، ئایا لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئاستی پەیوەندی و پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

-ئاستی پەیوەندییەکانی ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەردەوامە، ڕاوێژکاریی هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئەڵمانیاو بەریتانیاو ئەمریکا بۆ پرۆژە چاکسازییەکەی پێشمەرگە بەردەوامە، ئەمە وێڕای بەردەوامبوونی مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزەکانی هاوپەیمانان لەم دواییەدا بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە چەندین چەك و تەقەمەنیشیان هێناوە، بۆ پێدانی مووچەش هاریکاری وەزارەتی پێشمەرگەن و لەکارەکانی کردنەوەی وەرشەو دروستکردنی نەخۆشخانەی سەربازی بەردەوامن.

*** بەڵام وەزارەتی بەرگری عێراق هیچ چەك و تەقەمەنی و پێداویستیەکی سەربازی نادات هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا لەمەشدا هاوپەیمانەکان ئاگادارن؟**

- ئێمە لەهەموو کارو جموجوڵەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق ئاگادارین، بەڵام وەزارەتی بەرگری عێراق هیچ بەشێکی تەقەمەنی و چەك و پێداویستییەکانی سەربازی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نادات، لەمەشدا گلەیی خۆمان گەیاندۆتە هاوپەیمانان کە تاکە فیشەکێك بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان نادرێت. ئێستا چاوەڕوانی دامەزراندنی حکومەتی تازەی عێراقین، بەتایبەتی چاوەڕوانی گفتوگۆ و دانوستانەکانین کە ئەو کات بە تەئکید داوای بەش و مافی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان لە عێراق دەکەین.

*** ئەو غەدرو زوڵمەی لە کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکرێت و ئەو بۆشاییە ئەمنییەی دروست کراوە بووەتە هۆی کۆچکردنی کورد، ئایا ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، زیانی نابێت بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە و دووبارە تەعریبکردنەوەی ئەو ناوچانە؟**

- کوردو کوردستانییانی ئەو دەڤەرانەی هێزی پێشمەرگەی لێنەماوە نەبڕوایان بە سوپای عێراقەو نەبڕوایان بەحەشدی شەعبی یە، هەربۆیە زۆر زەحمەتە خەڵکی بتوانن لەو شوێنانە بمێننەوە، ئەوەتا لە داقوق و دەوروبەری کە ناوچەکە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە پارێزگاری لێ ناکەن، ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی داعش بێتەوەو ئەو گوندانە داگیر بکات و کورد شەهید و دەربەدەر بکەن، ئەویش لە پێناوی دووبارە گەڕاندنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی کاتی خۆی لەوێ نیشتەجێ کرابوون. ئێمە ئەم پرسانەمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان باس کردووە و ئەمەش سنوور و ڕادەی خۆی هەیە.

*** بەڵام حەشدی شەعبی نەك تەنیا تەماحی لە کەرکووك بوو، بەڵکو ویستی کوردستانیش داگیربکات و بە وتەی خۆیان لەسەر جوگرافیا بیسڕنەوە، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە کە هەڕەشە بێت لەسەر خاکی کوردستان؟**

- داگیرکردنی کەرکووك بۆ ئەو خیانەتییە گەڕایەوە کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کرا، هەربۆیە سوپای عێراق و حەشد و میلیشیاکانی توانییان وا بەئاسانی بێنە ناو کەرکووکەوە، بەڵام هەموو لایەك ئاگادارە کە هەر لەدوای چوار ڕۆژ لە ٢٠ی ئۆکتۆبەر شەڕێکی زۆر قورسمان لەگەڵ کردن، کە ئەوان بە نیازبوون

بێن تا هێڵی ٣٦ و خۆ ئەگەر پێیان بکرایە دەهاتنە هەولێر و دهۆکیش، بەڵام پێیان نەکرا و پێشمەرگە بە خۆڕاگری خۆی سنوورێکی بۆ دانان، بە هەمان شێوە لە تەلەسقوف و مەخمووریش پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بووەوە. دوایین شەڕی لە ٢٦ی ئۆکتۆبەر بوو لە دەڤەری سحێلا کە شەڕێکی زۆر سەخت بوو، ڕاستە ئێمە قوربانیمان دا، بەڵام سوپاس بۆ خوا بە قارەمانێتی پێشمەرگە ڕێگەمان نەدا یەك بست بێنە پێشەوە، ئەوە بوو ئەوانیش گەیشتنە قەناعەت کە ناتوانن بە شەڕ ئیرادەی پێشمەرگە بشکێنن. لە دوای ڕووداوەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بە لۆژیکی براوە و دۆڕاوی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە کردووە، ئێمەش پێمان وتوون زۆر هەڵەن کە بەم لۆژیکە هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە ناتوانن ئیرادەی پێشمەرگە بشکێنن.

*** ئێوە بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕۆژەیەکی چاکسازیتان ئامادە کردبوو، چەند خاڵێکی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەکرێت بزانین ئەو پڕۆژە چاکسازییەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچ قۆناغێکدایە؟**

- پڕۆژەی چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە ڕەزامەندی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتیشی لەسەر دراوە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی باڵاش لەسەر ئاستی وەزارەتی پێشمەرگە دەستنیشان کراوە کە هەردوو ڕاوێژکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئەندامن تێیدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و سێ ڕاوێژکاری هاوپەیمانان-ئەمریکی و بەریتانی و ئەڵمانی- سەقفێکی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی هەر یەکێك لە ٣٥ خاڵەکەی چاکسازییەکە دانراوە. ئێمە دەستمان پێکردووە و کارەکانیش بەباشی دەچنە پێشەوە، ئەگەرچی واقیع حاڵی ئێمە ئەوە نییە بە شەو و ڕۆژێك هەموو ئەو قۆناغانە ببڕین. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هێزەکان لەژێر ڕێنمایی وەزارەتی پێشمەرگەدان، بە هێزەکانی یەکەی (٧٠ و ٨٠) شەوە. هەرچەندە ئێمە ئومێدەوارین ئەو ٣٥ خاڵە بێتە جێبەجێکردن بۆ دروستکردنی لەشکرێکی ڕێکوپێکی نیزامی. چونکە زۆر جار ڕووداوی نەخوازراو دێتە پێشەوەو کارەکان دوادەخات بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٢ شەڕی قاعیدە ڕوویداو لە ٢٠١٤ شەڕی داعش ڕوویدا کە زیاتر لە سێ ساڵی خایاند.

*** پڕۆژەی چاکسازییەکە مەسەلەی کۆگای چەك و تەقەمەنی و هەڵگرتنی چەك و بوارەکانی دیکەی چەك و تەقەمەنییش لەخۆدەگرێت؟**

- وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان چەند کۆگای چەك و تەقەمەنی هەیە، کە بەسیستەمێکی لەشکری مۆدێرنی هاوشێوەی سوپاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بە کوالێتی بەرز دروستکراون و هیچ کێشەیەکیان نییە. ئەو کۆگایانەی تەقیونەتەوە ڕەنگە ئەو پێوەرانەیان تێدا نەبووبێت کە ئاماژەم پێکرد. کە ڕەنگە ئەو تی ئێن تی و تەقەمەنییانەی تێدابوو کە لە شەڕی داعشدا گیرابوون، هەروەها هەندێ چەکی هاوپەیمانان هەیە کە داویانە بە پێشمەرگە و بەرگەی پلەی گەرمای سەرووی ٢٥ پلە ناگرن و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو برادەرانە ئەمەیان ڕەچاو نەکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە بۆ پێداچوونەوە و بەدواداچوونی ڕووداوەکان و دانانی ڕێنمایی بۆ کۆگاکانی چەك و تەقەمەنی.

*** دیاردەی چەك هەڵگرتن و تەقەکردن لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان زیادی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لەم ماوەیەدا چەند ڕێوشوێنێك گیرانەبەر، ئایا ڕۆڵی وەزارەتی پێشمەرگە لەبنبڕکردنی ئەم دیاردەیە چییە؟**

- ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بەڵام ئێمەش وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە لەبواری چەك هەڵگرتن دووبارە بە ڕێنماییەکانماندا بچینەوە بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکمان داناوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە چەك لەگەڵ خۆیدا نەباتە ماڵ و بازاڕ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادار کراوەتەوە کە هەموو یەکەو هێزەکان پێویستە کۆگاو شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ هەڵگرتنی چەك، بۆ ئەوەی هەرکاتێك پێشمەرگە مۆڵەتی پێدراو دابەزی بۆ ناوشار، چەکەکەی لە کۆگا دانێت، هاوکات پێویستە پێشمەرگە لە ئەرکی تایبەتی خۆی و بە جلوبەرگی سەربازی چەك هەڵگرێت.

*** سەبارەت بە کردنەوەی ڕێگای نێوان هەولێر و کەرکووك کۆبوونەوەیەك لە پردێ ئەنجامدراو لێرەو لەوێ باس لە داواکردنی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت لەو ناوچانە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- نوێنەری لەشکری، لیوا سالار تەیمور لە هێزی زیرەڤانی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوو کە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر ئەنجامدرا بۆ کردنەوەی ئەو ڕێگەیە بە ڕووی هاووڵاتیاندا. دانوستاندن بەردەوامە و هەنگاوی باش نراوە بۆ کردنەوەی ڕێگاکە، وەکو لایەنی لەشکری ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەشوێنی خۆمان دەبین و بە هیچ جۆرێك ناکشێینەوە، دەبێت هێزی عێراقیش لە شوێنی خۆیان بن و نەیەنە پێشەوە.

**لە دوای ڕووداوەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بە لۆژیکی براوە و دۆڕاوی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە کردووە، ئێمەش پێیمان وتوون زۆر هەڵەن کە بەم لۆژیکە هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە ناتوانن ئیرادەی پێشمەرگە بشکێنن**

**وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان چەند کۆگای چەک و تەقەمەنی هەیە، کە بەسیستەمێکی لەشکری مۆدێرنی هاوشێوەی سوپاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بە کوالێتی بەرز دروستکراون و هیچ کێشەیەکیان نییە**

**وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە لەبواری چەک هەڵگرتن دووبارە بە ڕێنماییەکانماندا بچینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکمان داناوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە چەک لەگەڵ خۆیدا نەباتە ماڵ و بازاڕ**

# کوردستان و عێراق لە نێوان خەونی دەوڵەتی مەرکەزی و واقیعدا

کیانە دروستکراو و ناسرووشتییەکان، ئەگەر بەرژەوەندیی وڵاتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هێز و سەرکوتکردن بۆ ماوەیەک جۆرێک لە پیرۆزی بە سنوورەکانی بەخشیبێت و سیمای دەوڵەتی هەبووبێت، رەوتی رووداوەکان و مێژووش ئەوەی سەلماندووە کە کیانی دروستکراو هەمیشە پایەکانی لەرزۆکە و بە هەڵکەوتنی بارودۆخی گونجاو، ئەگەری لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی هەیە، یان بەردەوام ناسەقامگیرە.

عێراق، نموونەیێکی بەرچاوی ئەم جۆرە کیانەیە، کە ئەگەر لە رابردوودا زۆریی سامان و شێوازی حوکمڕانییەکەی جۆرێک لە سەقامگیریی رووکەشی پێ بەخشیبێت، بەڵام هەمیشە بەرهەمهێنەری رووداوگەلێک بووە کە دەرکەوتەکانی، یان لەسەر دراوسێکانی، یان لە ناوخۆی لەسەر پێکهاتە میللییەکانی رەنگیداوەتەوە. ئەم کیانە دروستکراوە، لە سەد ساڵی رابردوو شێوازی حوکمڕانییەکەی هەرچۆن بووبێت، پاشایەتی، کۆماری، کۆماری بەعسی، یان تایەفی دوای ساڵی ٢٠٠٣، نەیتوانیوە ببێتە کیانێک کە کۆکەرەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی بێت و ببێتە دەوڵەتێک بۆ هاووڵاتیانی. خوێندنەوەی مێژووی عێراق پێمان دەڵێت کە لەم کیانە دروستکراوە بەردەوام واقیعێک هەبووە کە دووانەی (نەتەوە - تایەفە) دەسەڵات بووە و ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم دووانەیە یەک ناگرنەوە، کەوتوونەتە ژێر زەبری چەرخی دەسەڵات و هاڕدراون.

دووانەی (عەرەب - سوننە) بۆ ماوەی هەشت ساڵ و دووانەی (عەرەب - شیعە) نزیکەی بیست ساڵە، هەمان کاڵا بەڵام بە میتۆدی جیا بەرهەم دەهێننەوە، بەرهەمێک کە بریتییە لە حوکمڕانیی کەمینەیەکی دیاریکراوی ناوچەیی، یان مەزهەبی و کورتکردنەوەی چەمکی کیان و نیشتمان و دەسەڵات و سەروەری لەو کەمینەیە. بەردەوامیش رەوایەتی ئەوەیان بەخۆیان بەخشیوە کە هەر پێکهاتەیەکی تری دەرەوەی دووانەی (نەتەوە - مەزهەب) دەبێ لە پەراوێز بژیێت و بەردەوام هەوڵی توانەوەی دراوە و دەدرێت، لە حاڵەتێکیشدا بەرگری کرد، ئەوا دەبێت قەڵاچۆ بکرێت.

دووانەی (نەتەوە - مەزهەب)ی (عەرەب - سوننە) لەماوەی هەشت ساڵدا، جگە لە کۆمەڵکوژی و هەوڵی سڕینەوەی بەردەوامی نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تر، بووە هۆکاری چوار جەنگی گەورە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە گەورەترین و درێژخایەنترین و پڕ قوربانی و کارەساتاویترین جەنگ بوون.

دووانەی (عەرەب - شیعە)ش لە ماوەی

**خوێندنەوەی مێژووی عێراق پێمان دەڵێت کە لەم کیانە دروستکراوە بەردەوام واقیعێک هەبووە کە دووانەی (نەتەوە - تایەفە) دەسەڵات بووە و ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم دووانەیە یەک ناگرنەوە، کەوتوونەتە ژێر زەبری چەرخی دەسەڵات و هاڕدراون**



ساسان عەونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کەمتر لە بیست ساڵدا، ئەوەی لەماوەی هەشتا ساڵی رابردوو بنیادنرابوو، خاپووری کرد و هەوڵی پەراوێزخستنی کورد و پێکهاتەکان خاڵی هاوبەش بووە، جگە لەوەی کە بۆ ماوەی سێ ساڵ بووە هۆی لە دەستدانی زیاتر لە سێیەکی خاکەکەی.

دووانەی (نەتەوە - مەزهەب) لە مێژووی کیانی دروستکراودا نەیتوانیوە سەقامگیری و پایەکانی دەوڵەتداری و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ پێکهاتەکانی ناو کیانە دروستکراوەکە بەرهەم بهێنێ، بەڵکو سەرباری ئەوانەش بۆتە هۆی نەهێشتنی سەروەری و بەهەدەردانی سامان و جۆرێك لە دابەشبوونی میللی کە زەحمەتە چاك ببێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

تاقیکردنەوەیەك کە بۆ ماوەی سەد ساڵ بەردەوام فەشەل دێنێ و قوربانیی سەرەکیش میللەت و پێکهاتەکانی بێت، هەر ناو و شێوازێکی تر بۆ بەڕێوەبردنی دەبێتە جۆرێك لە ماکیاژ و سوودی نییە، چونکە ماکی دروست بوونەکە لەسەر عەقڵی (نەتەوە - مەزهەب) دروستکراوە و ناگۆڕێت. کە لە وڵاتی فرە پێکهاتەدا ئەگەر نەتوانن ئەو بابەتە تێپەڕێنن، ئەوا بەردەوام لە کارەساتەوە بۆ کارەسات گوزەر دەکەن.

ئەگەر لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئایار و ئەو بارودۆخە کارەساتاوییەی کە عێراقی تێکەوتووە و جۆرێك لە فشاری دەرەکیش، بەغدا شێوازی رەفتاری لەگەڵ کوردستان گۆڕیبێت، بەڵام تاقیکردنەوەکانی رابردوو و جۆری مێنتالیێتی و پێکهاتەی چینە سیاسییەکەی عێراق و دەستەبژێرە ئایینی و سیاسییەکەی و ئەو بڕوا و جیهانبینییانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەیانە، ناگۆڕێن، ئاماژەی ئەوەمان پێدەدەن کە دڵخۆش نەبین و هەمیشە دەبێت وریا بین.

**تاقیکردنەوەیەک کە بۆ ماوەی سەد ساڵ بەردەوام فەشەل دێنێ و قوربانیی سەرەکیش میللەت و پێکهاتەکانی بێت، هەر ناو و شێوازێکی تر بۆ بەڕێوەبردنی دەبێتە جۆرێک لە ماکیاژ و سوودی نییە، چونکە ماکی دروست بوونەکە لەسەر عەقڵی (نەتەوە - مەزهەب) دروستکراوە و ناگۆڕێت**

مێژوو و باری ئێستاش سەلماندوویەتی لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەردەوام بزاوتێکی مەیل عێراقی و وابەستەیی کاری تێدا کردووە و کاری تێدا دەکات و کەرەسەی کار و بانگەشە و کاریگەریی دروستکردنی بۆ دابین کراوە، بەڵام هەمیشە هێزی تەوژمە خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆییەکە هێزە زاڵەکە بووە. ئەو هێزە هەرگیز بوار بە تواندنەوە و ملکەچپێکردنی کورد نادات لە ناو دووانەی (نەتەوە - مەزهەب)دا، لە رابردوودت نەیهێشتووە و لە داهاتووشدا بوار نادات.

سەرباری هەر موئامەرە و گەلەکۆمەکێ و ناخۆشی و سزادان و هەوڵێك بۆ سڕینەوە و بچووککردنەوەش، بزاڤەکە بەردەوام دەبێت و ویستی سەربەخۆیی ناگەڕێتەوە چوار گۆشەی یەکەم.




## دێرێک ریڤیرۆن

سەرۆکی بەشی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆلێژی جەنگی دەریایی بۆ گوڵان:

# ئەرکی حکومەتی عێراقە چارەسەری ئەو هۆکارانە بکات کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی رێکخراوە تیرۆریستییەکان

**دێرێك ریڤیرۆن سەرۆكی بەشی كاروباری ئاسایشی نەتەوەییە لە كۆلێژی جەنگی دەریایی و توێژەرە لە سەنتەری بەلفێر بۆ زانست و كاروباری كۆمەڵایەتیی لە سكوڵی كێنێدی لە زانكۆی هارڤارد. كەسێكی تایبەتمەندە لە بواری ستراتیژیەتی پەرەپێدان و هاوكاریی ئەمنی و تەحەددییە ئەمنییەكانی كاراكتەرە نادەوڵەتییەكان و سیاسەتی بەرگریی ئەمریكا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسیارێكی ئاراستەكرد كە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەكیی سەرۆك ترەمپ لە ئاست هێزە جیهانییەكان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەم ناوچەیەدا و پرسی شەڕی ناوخۆیی سووریا و چەند بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- پێموایە سەرۆك ترەمپ بەردەوامە لە پیادەكردنی سیاسەتێكی دەرەكیی تەقلیدی كە پەیوەستە بە برەودان بە سەقامگیری و درێژەدان بە بوون و ئامادەیی ئەمریكا، بە دڵنیاییەوە ئەمەش بە مانای بەشداریكردنی هاتووە لە هەوڵە هاوبەشەكان بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕكردن لە دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

*** ئاماژەت بە هەوڵ و كۆششەكان كرد بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئایا پێتوایە ئەو ستراتیژیەتەی لەم پێناوەدا پیادە كراوە دەرئەنجامی خوازراوی لێ بەدی هاتووە و ئایا سەركەوتنێكی درێژخایەنی لێكەوتۆتەوە؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لەو روانگەیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین كە داعش ئەو خاكەی لەدەستدا كە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمە بەڵگە و نیشانەی پێگەیشتوویی و بەهێزبوون و پەیوەندیی ئەمریكایە بە عێراقەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پەرەپێدانی هێزەكانی عێراقەوە بۆ بەدەستهێنانەوەی سەروەری بەسەر خاكی وڵاتەكەوە. كەواتە من لەو گۆشەنیگایەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانم كە ئەمریكا هاوكار بووە بۆ عێراق بۆ بەدەستهێنانەوەی سەروەری و بۆ تێكشكاندنی داعش. لەبەر ئەوە من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بكەمەوە كە راستە ئەمە سەركەوتنێكە كە بە هاوكاری ئەمریكا بەدەست هاتووە، بەڵام لە راستیدا ئەمە سەركەوتنی عێراقییەكانە.

*** باشە پێتوایە پاراستنی ئەم سەركەوتنە و رێگریكردن لە دووبارە دروستبونەوە و سەرهەڵدانەوەی رێكخراوە تیرۆریستەكانی چەشنی داعش پێویستی بە بوونی سەربازیی**

**ئایندەی عێراق بەدەستی عێراقییەكان دادەڕێژدرێتەوە و ئەمەش بەندە بەوەی چۆن سیاسەتمەدارانی عێراق كار لەگەڵ یەكتردا دەكەن و چۆن كێشە بنەڕەتییەكانی خەڵكی وڵاتەكە چارەسەر دەكەن**

**ئەمریکا هەیە لە عێراق، یان پێویستی بە جۆرێك لە هاوبەشی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە؟**

- من پێموایە ئەوەی لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە ئەوەیە کە چارەسەری ئەو هەلومەرجانە بکات کە لە بنەڕەتدا بوونەهۆی سەرهەڵدانی ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستییەکان و پێویستە کار لەگەڵ دەسەڵاتە مەحەلییەکاندا بکات لە پێناو بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی. کەواتە تاوەکو ئەو کاتەی عێراق هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت و بەو چەشنە کار بکات کە تەبا بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا، ئەوا پێموایە ئەمە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی شەراکەتێکی درێژخایەن بێتەدی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و عێراقدا.

*** بەڵام ئەوەی لە ئیدارەی ترەمپ بەدی دەکرێت ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئیدارەیە بایەخ بە پرسەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بنیادنانی نەتەوە نادات، کەواتە چۆن دەتوانێت هاوکاری عێراق بێت بۆ ئەوەی دووبارە لەسەر پێی خۆی بوەستێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەولەوییەتی یەکەم بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشە، ئەمەش مەشق پێ کردن و ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکان لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی بتوانن سنوورەکانی وڵاتەکە بپارێزن و شەڕی تیرۆر بکەن. هەروەها دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە لە ئایندەدا ڕێکخراوی تیرۆریستی لە شوێنی داعش دروست نەبێتەوە، کە ئەمەش تەنیا بە هەوڵ و کۆششە ئەمنییەکان بەدی نایەت، بەڵکو ئەمە چەند بوارێکی دیکە لەخۆدەگرێت کە دەبێت عێراق و ئەمریکا لە نزیکەوە کار لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ نموونە دەبێت هەردوولا کار لەسەر ئەوە بکەن کە بۆچی داعش لە بنەڕەتدا سەریهەڵدا و چۆن ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی بکەن، چونکە ئێمە دەزانین هێشتا ئایدیۆلۆژیاکەی لەئارادا ماوە. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە پیادەکردنی ڕێگاچارەی دەستەبەرکردنی ئاسایش- یاخود کردنی پرسی ئەمنی بە ئەولەوییەتی یەکەم- ببێتەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی، بۆ ئەوەی دەرفەت بڕەخسێنرێت تاوەکو کار لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوە ئەمنییەکان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا بکرێت.

*** بەڵام تا چ ڕادەیەك گەشبینیت کە حکومەتی عێراقی بتوانێت، یان بیەوێت ئەم کێشە بنەڕەتییانە چارەسەر بکات، بەتایبەتی کە ئێستا پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا بە دەست قەیرانی قووڵەوە دەناڵێنێت و بێ متمانەییەکی گەورە لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، ئەوا ڕەنگە من ئاشنابیم بە وردەکارییەکانی ئەم پرسە نەبێت، بەڵام لە ئێستادا پرسی بنەڕەتی ئەوەیە کە عێراق لە قۆناغی بنیادنانەوەدایە، بە ڕەهەندە سیاسییەکەشیەوە، کە ئێمە دەزانین بنیادنانی دامەزراوەکان و دروستکردن و بنیادنانی متمانە لە نێوان سیاسییەکان خۆیاندا و لە نێوان سیاسیەکان و خەڵکدا پێویستی بە کاتە. ڕاستە لە مەودای کورتدا هەوڵ و کۆششە هاوبەشە ئەمنییەکان- لەگەڵ ئەمریکا- دەبنەهۆی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریزم، بەڵام ئایندەی عێراق بەدەستی عێراقییەکان دادەڕێژدرێتەوە و ئەمەش بەندە بەوەی چۆن سیاسەتمەدارانی عێراق کار لەگەڵ یەکتردا دەکەن و چۆن کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵکی وڵاتەکە چارەسەر دەکەن.

*** ئەی چۆن لە بڕیارە گرنگ و کاریگەرەکانی دیکەی ئیدارەی ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا؟ ئایا ئاکام و دەرهاویشتە دوورمەودا و درێژخایەنەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن؟**

- من کاتێك لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ترەمپ دەڕوانم لەگەڵ کۆریای باکووردا، ئەوا پێموایە مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبێت دۆخەکە بە ئاستێکی دیاریکراو بگات، پێش ئەوەی ئەگەری گفتوگۆ بێتەئاراوە و مومکین بێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئومێد و هیوای من ئەوەیە کە کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕێگایەك بێت بەرەو ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنتر و گشتگیرتر لە نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەرچەندە من

**ئەمریکا نیگەرانی قووڵتری هەیە لە پەیوەندی بە پشتیوانیی ئێران بۆ تیرۆریزم و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، یان دەستپێکێکە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی بەربڵاوتر لەبارەی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە، یان ئەوەتا پاشگەزبوونەوە و پاشەکشەیە لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆکی ئۆباما کە لە ئاست ئێراندا پیادەی کرد**

**عێراق دۆستی هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکایە، کەواتە ئەمە دەرفەتێکی نوێیە کە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکات و بۆی هەیە عێراق ببێتە ناوەند و چەقی ئەو گفتوگۆیانەی پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆنەوە**

ئەو راستییەم لەبەرچاوە کە دەبێت هەوڵ و کۆششی سەخت بکرێت لەم پێناوەدا. هەروەها ئەوەش راستە کە بە بەراورد بە باقی جیهان ئەمریکا چاوەڕوانی زیاتری هەیە لە ئێران، چونکە راستە رێککەوتنەکە تەنیا پەیوەست بوو بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، بەڵام ئەمریکا نیگەرانی قووڵتری هەیە لە پەیوەندی بە پشتیوانیی ئێران بۆ تیرۆریزم و رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، یان دەستپێکێکە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی بەربڵاوتر لەبارەی رۆڵی ئێران لە ناوچەکە، یان ئەوەتا پاشگەزبوونەوە و پاشەکشەیە لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆکی ئۆباما کە لە ئاست ئێراندا پیادەی کرد.

*** باشە پێتوایە رۆڵی عێراق چی دەبێت لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا و ئایا دەتوانێت بە چ بارێکدا ئەو رۆڵە ببینێت؟**

- پێموایە عێراق دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت لەو گفتوگۆیانەدا، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە عێراق دۆستی هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکایە، کەواتە ئەمە دەرفەتێکی نوێیە کە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکات و بۆی هەیە عێراق ببێتە ناوەند و چەقی ئەو گفتوگۆیانەی پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆنەوە.

*** ئایا گوشارخستنەسەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە و دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئەو وڵاتەدا دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و ئامادە بێت رێککەوتنێکی نوێ و هەمەلایەن لەگەڵ ئەمریکا واژوو بکات؟**

- ئەمە رێی تێدەچێت، دواتر ئەوەی من لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بەدیم کردووە، ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت وڵاتانی ناوچەکە و هاوبەشە مەحەلییەکان رۆڵ و بەرپرسیارێتی زیاتر بگرنە ئەستۆ لە پێناوی گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمەش پرسێکی بنەڕەتییە بۆ ئەمریکا. لەم روانگەیەوە من هیوادارم ئەمە سەرەتای گەیشتن بە رێککەوتنێکی هەمەلایەنەی ئاشتی بێت. کەواتە لە ئێستادا هەوڵ و کۆششێك هەیە لە ئەمریکادا بۆ ئەوەی جۆرێك لە چارەسەری گشتگیر و هەمەلایەن بەدی بێت بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت بوون و ئامادەیی خۆی لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە. دواتر من پێموایە ئەمریکا لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە رەفتاری کردووە، کاتێك بە شێوەیەکی بە پەلە لە ناوچەکە نەکشاوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پابەندبوونمان هەیە بە شەریك و هاوپەیمانەکانمانەوە لە ناوچەکەدا.

*** با بێینە سەر پەیوەندیی ئەمریکا بە هێزە جیهانییەکانەوە، بەتایبەتی رووسیا، ئایا پێتوایە لە ئێستادا هەردوو وڵاتی ئەمریکا و رووسیا دوو هێزی دوژمنکارن لەگەڵ یەك، یاخود بوار و مەودای هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە و قەیرانەکانی جیهان؟**

- من باوەڕم وایە سەرۆك ترەمپ رووسیا وەك کاراکتەرێکی گرنگ بەکار دەهێنێت لە پەیوەندی بە کاروبارە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە لە کاتێکدا کە ئەمریکا و رووسیا ململانێ دەکەن لەگەڵ یەکتردا، ئەوا چەند بوارێکی دیاریکراو هەن کە چارەسەرکردنی کێشە قورسەکان پێویستی بەوە دەبێت ئەمریکا کار لەگەڵ رووسیادا بکات. هەرچەندە ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ئەم دوو وڵاتە بەرژەوەندیی پێکناکۆکیان هەیە و لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر. هەرچۆنێك بێت، ناکرێت رووسیا و ئەمریکا رێگای شەڕ و پێکدادان بگرنەبەر لەگەڵ یەکتردا، کەواتە دەبێت کار لەسەر دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکان بکرێت لە نێوانیاندا. بۆ نموونە لە پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەکرێت هەردوولا کۆك بن لەسەر ئەوەی کە بوونی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیەدا کاریگەریی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەها بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژیش دەرئەنجامی خراپ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کەواتە ئەمانە چەند بوارێکن کە دەکرێت هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ چارەسەرکردنیان. هەرچەندە ئەوەی پەیوەندیی بە بواری سیاسییەوە هەبێت، ئەوا لە ئەمریکادا ئەو بۆچوونە لەبارەی رووسیاوە هەیە کە هەوڵیداوە کاریگەرییەکی قووڵی هەبێت لەسەر

**لە ئێستادا هەوڵ و کۆششێک هەیە لە ئەمریکادا بۆ ئەوەی جۆرێک لە چارەسەری گشتگیر و هەمەلایەن بەدی بێت بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت بوون و ئامادەیی خۆی لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە**

**ئەگەر لە ئەمریکا بیت و پرسیار لە هاووڵاتیان بکەیت لەبارەی رووسیاوە، ئەوا لە وەڵامدا پێت دەڵێن کە چەندین کاری خراپی ئەنجام داوە و پێت دەڵێن کە ئەمە کاتێکی لەبار و گونجاو نییە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت زەمینەی هاوبەش لەگەڵ رووسیادا بدۆزرێتەوە**

سیستمی هەڵبژاردن لە ئەمریکا و هێرشی ئەلیکترۆنییەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لە ئەمریکا بیت و پرسیار لە هاووڵاتیان بکەیت لەبارەی رووسیاوە، ئەوا لە وەڵامدا پێت دەڵێن کە چەندین کاری خراپی ئەنجام داوە و پێت دەڵێن کە ئەمە کاتێکی لەبار و گونجاو نییە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت زەمینەی هاوبەش لەگەڵ رووسیادا بدۆزرێتەوە، بەڵام بۆچوونی سەرۆکی ئەمریکا ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە رووسیا چەندین کاری خراپی ئەنجام داوە، بەڵام لە چەند بوارێکی دیاریکراودا ئێمە پێویستمان بە هاوکاریی رووسیا هەیە.

*** ئایا مەبەستی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەم قسەیە زیاتر پەیوەستە بە سووریاوە؟ واتە ئایا پێتوایە ئەمریکا و رووسیا بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشیان هەیە لە سووریا بەلای کەمەوە بۆ گێڕانەوەی جۆرێك لە سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتە؟**

- بەڵێ پێموایە، چونکە لە ئێستادا و لە واشنتۆن زۆر باسی سەرۆك بەشار ئەسەد ناکرێت بە چەشنی ئەوەی لە سەرەوەختی ئیدارەی ئۆبامادا هەبوو، ئەوەش ئاشکرایە کە رووسیا هاوپەیمانی ئەسەدە و لە ئێستاشدا ئەسەد لە پێگەیەکی باشتردایە و پێشڕەوی کردووە و رووسیاش لەم رووەوە رۆڵێکی سەرەکی هەبووە.

*** باشە پێتوایە تا ئێستا رووسیا لە سووریا بەشێك بووە لە کێشەکە و ئایا دەکرێت لەمەودوا ببێتەوە بە بەشێك لە چارەسەر بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئەو وڵاتە و کۆتاییهێنان بەو شەڕە ناوخۆییە کە بە دەستیەوە گرفتار بووە؟**

- من پێموایە دەبێت رووسیا ببێتە بەشێك لە چارەسەر، ئیدی بە چاوپۆشین لەوەی رووسیا پێی خۆش بێت، یان نا. واتە ناکرێت رۆڵی رووسیا نادیدە بگیرێت لە هەر هەوڵێکدا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسیی هەمەلایەن بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و قەیرانی سووریا، ئاشکرایە کە سەرۆك بەشار ئەسەد توانیوەتی بە هاوکاری و یارمەتیی رووسیا پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکات و پێگەی خۆی بەهێز بکات، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هێزە دەرەکییەکان بیانەوێت کاریگەرییان هەبێت لە سووریادا، ئەوا دەبێت رۆڵی رووسیا لەبەرچاو بگرن.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندییەکانی رووسیا و ئێران دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانی ستراتیژی و سرووشتیی یەکترن، یاخود ئامانجی دوورمەودا و درێژخایەنیان لە سووریادا یەکناگرێتەوە لەگەڵ یەکتردا؟**

- بەڵێ پێموایە لە مەودای دووردا ئامانجەکانیان لێکجیاوازن، خۆ ئەگەر بێت و ئێمە وەسفی پەیوەندیی نێوان رووسیا و ئێرانیش بکەین، ئەوا خەسڵەتی ئەم پەیوەندییە پتر بازرگانییە، لەو رووەوە کە رووسیا کەلوپەلی پەیوەست بە بواری ئەتۆمی و چەك بە ئێران دەفرۆشێت. هەرچۆنێك بێت، ئێمە ناتوانین بڵێین کە ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانی سرووشتیی یەکترن.

*** پێشبینیەکانت چین بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە و ئایا باشترین سیناریۆ و خراپترین سیناریۆ چین کە ئەگەری ئەوە هەیە لەم ناوچەیەدا رووبدات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە خراپترین سیناریۆوە هەبێت، ئەوا رەنگە پێشبینییەکە ئاسان بێت، چونکە دەکرێت ئەمە خۆی لە سەرهەڵدان و هەڵکشانی گرووپی تیرۆریستیی نوێدا بنوێنێت، هەروەها بۆی هەیە ئەمە لە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێراندا رەنگبداتەوە کە رەنگە سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل کە ئەمەش توندوتیژییەکی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە وڵاتانی ناوچەکە دەستنیشانی کێشە هاوبەشەکانی نێوانیان بکەن و دەست بدەنە هاوکاریکردنی یەکتری و پێکەوە شەڕی تیرۆر بکەن، هەروەها دەکرێت ئیعتیراف بە دەوڵەتی ئیسرائیل بکەن و باڵیۆز بگۆڕنەوە لەگەڵیدا، ئەمانە چەند ئەگەرێکی گەشبینانەن، ئەگەرچی زۆر واقیعبینانەش دەرناکەون. دواتر ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پرسی بەرزبوونەوەی نرخی نەتەوە، ئێمە نازانین ئایا وڵاتانی ناوچەکە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، مەبەستم ئەوەیە ئایا داهاتەکەی بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ باڵادەستبوون بەسەر ناوچەکەدا، یاخود دەیخەنە خزمەت چاکسازیی ئابوورییەوە.



دیمانەی تایبەت

## جۆن مایکڵ کاری

پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# جەمسەرگیری بۆتە خەسڵەتی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکا

جۆن مایکڵ کاری، پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە کۆلێژی دارتسمۆس، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی جیهان، پرسەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و کۆمەکی دەرەکی، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بەوە دەدات کە هۆکارەکانی گەشەکردنی دیموکراسی چین و ئایا بۆچی هەندێ جار شکست دەهێنن. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا و رۆڵ و پێگەی و بەرپرسیارێتی ئەمریکا لە سەر ئاستی جیهان و چەند پرس و بابەتێکی دیکە، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

**ترەمپ سەرکردایەتیی ئەمریکای بۆ جیهان تێکشکاندووە، چونکە ئەو پەیوەندییەکانی ئەمریکای لەگەڵ هاوپەیمانە دێرینەکانی وەک وڵاتانی ئەڵمانیا و کەنەدا و مەکسیک لاواز کردووە**

**ئەو ئابوورییەی کە ترەمپ خۆی پێ هەڵدەکێشێت چەند ساڵێکی پێچوو تاوەکو توانرا بنیاد بنرێتەوە**

*** ئەگەر لە سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بڕوانیت، ئایا تا چەند سیاسەتێکی سەرکەوتوو بووەو تا چەند گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کراوە بە بەراورد بە سیاسەتی ئیدارەی پێشوو؟**

- من پێموایە ئەو سیاسەتە دەرەکییەی سەرۆك ترەمپ گرتوویەتەبەر مایەی نیگەرانییە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لەم سیاسەتە بڕوانین لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا سیاسەتێکی تەم و مژاوی بەدی دەکەین، بۆ نموونە ئێمە نازانین چ ڕێککەوتنێك کراوە لەبارەی ئەم ناوچەیەوە لەنێوان سەرۆك ترەمپ و سەرۆك ڤلادمیر پوتین — لە میانەی لوتکەی هلسنکیدا-، چونکە تا ئێستا وردەکارییەکانی گفتوگۆی نێوانیان بڵاو نەکراوەتەوە، کەواتە ئەمە وەك شتێکی نهێنی و تەم و مژاوی ماوەتەوە.

*** باشە پێتوایە ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی گۆشەگیرانە و تاکلایەنانە پیادە دەکات، یان ئەمە تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمەیە کە بەرزی کردۆتەوە کە ئەمریکا دەکاتە ئەولەوییەتی یەکەم؟**

- لە ڕاستیدا من نازانم ئە چ جۆرە سیاسەتێك پیادە دەکات، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو کار بۆ ئەوە دەکات کە هاوکاریی ڕووسیا بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم هاوکارییە لە سەر چ بنەما و چ مەرجێك ئەوا من نازانم.

*** بەڵام چۆن لە سرووشتی پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە پەیوەندیی ڕکابەری و دوژمنکاری لە نێوانیاندا هەیە، یاخود دوو هێزن دەتوانن پێکەوە کار بکەن و کاری هاوبەش ئەنجام بدەن؟**

- من پێموایە ئەم دوو وڵاتە (ڕووسیا و ئەمریکا) لە بنەڕەتدا دوو هێزی ڕکابەرن و لە ململانێدان و تەنانەت باوەڕم وایە ئاست و ئەندازەی ڕکابەریی نێوانیان زۆر لەوە زیاترە کە ترەمپ بتوانێت وەك ڕکابەری مامەڵەی لەگەڵدا نەکات.

*** باشە پێتوایە دوای کۆبوونەوەی ترەمپ و پوتین لە لوتکەی هلسنکی هیچ ئومێد هاتبێتەئاراوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی لە ئاسۆدا دەرکەوتبێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی سووریا؟**

- ئێمە نازانین، چونکە هیچ هەواڵ و زانیارییەك بڵاو نەکراوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر کراوە لە میانەی کۆبوونەوەی تایبەتیی نێوان سەرۆك ترەمپ و سەرۆك پوتیندا. هەرچۆنێك بێت ئاماژە بەوە دەکرێت کە لێدوانەکانی ترەمپ ناساز و ناکۆکن لەگەڵ لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، کەواتە لەم ڕووەوە تەم و مژی و ناڕوونی هەیە.

*** ئەی چۆن لە کاردانەوە ناوخۆییەکانی ئەمریکا دەڕوانیت لە ئاست لێدوانەکانی ترەمپ لە لوتکەی هلسنکیدا؟**

- بە چەشنی زۆرێك لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەمریکادا ئەمە ڕووداوەش جەمسەرگیرییەکی حزبایەتی تەواوی دروست کرد، ئەوەتا دیموکراتەکان بە تێکڕا دەڵێن سەرۆك ترەمپ خیانەتی لە ئەمریکا کرد لە میانەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ پوتین، لە کاتێکدا کۆمارییەکان بە زۆرینەی دەنگی پشتیوانی دۆناڵد ترەمپ دەکەن، ڕاستە چەند سەرکردەیەکی کەم لە کۆمارییەکان — لە کۆنگرێسدا- لێدوانی ڕەخنەگرانەی لە دژی ترەمپ دا، بەڵام نزیکەی هیچ یەکێك لەو کەسانەی خۆیان کاندید کردووە بۆ هەڵبژاردنەکانی پاییزی ئەمساڵ لێدوانی ڕەخنەگرانەیان نەدا لە دژی ترەمپ، چونکە ئەگەر تۆ خۆت بپاڵێویت بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەوا دەبێت پارێزگاری لە دڵسۆزی و وەلائی خۆت بکەیت.

*** کەواتە ئەم لوتکەیە هۆکارێکی دیکە بوو بۆ قووڵبونەوەی جەمسەرگیری لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا؟**

- بەڵێ، جەمسەرگیری بۆتە خەسڵەتی سیاسەت لە ئەمریکا لەم ساتەوەختەدا.

*** باشە ئەم جەمسەرگیرییە چ دەرهاویشتەیەکی دەبێت لەسەر ئەدای ئیدارەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆ؟**

- ئەوەی دەتوانین لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ترەمپ بووە میراتگری ئابوورییەك کە لە گەشەکردندا بوو، ئێستاش بەردەوامە لە گەشەکردن و ئەویش دەتوانێت وەك دەستکەوتێك ئاماژەی پێبکات و لە ئێستاشدا دەتوانین بڵێین ئێمە قەیرانی ئابووریمان نییە، ئەمەش توانای ئەوەی پێدەدات کە بتوانێت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بڕیاری بەپەلە بدات، بەڵام ئەگەر دۆخی ئابووری خراپ بووایە نەیدەتوانی بەو شێوەیە ڕەفتار بکات.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتێکی سەرکەوتووی پیادە کردووە لە پەیوەندی بە باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵاتەکەیەوە؟**

- من گومانم هەیە لەوەی ترەمپ سیاسەتێکی ئابووریی جیاوازتری لە سیاسەتی ئابووریی ئیدارەی پێش خۆی پیادە کردبێت، دواتر ئابووریی ئەمریکا لە کەشتییەکی مەزن دەچێت و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی رەوت و ئاراستەکەی بگۆڕێت و تا ئەو کاتەی دەتوانن ئاراستەکەشی بگۆڕن ئەوا رەنگە سەرۆکێکی دیکە لە دەسەڵاتدا بێت. بۆ نموونە ئیدارەی ئۆباما میراتگری ئابوورییەکی کارەساتبار بوو، کە ماوەی دوو ساڵی پێچوو تاوەکو توانی ئاراستەکەی بگۆڕێت و لە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییەکەشیدا ئابووریی وڵاتەکە بە ئەندازەیەکی گەورە راستەرێ کرایەوە. کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش بووە میراتگری ئەم دۆخە ئابوورییە، کەواتە ئەو ئابوورییەی کە ترەمپ خۆی پێی هەڵدەکێشێت چەند ساڵێکی پێچوو تاوەکو توانرا بنیاد بنرێتەوە.

*** باشە پێتوایە زۆربەی زۆری بریارەکانی لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا رەنگدانەوەی لەبەرچاوگرتنی ئیعتیباراتە ناوخۆییەکانن؟**

- لە راستیدا و لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکییەوە سەرۆکی ئەمریکا تا رادەیەك بوارێکی بەرفراوانی هەیە بۆ ئەوەی بریاری تێدا بدات. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری بریارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە رەنگدانەوەی نابێت لەسەر ژیانی رۆژانەی نێو ئەمریکا و لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکە.

*** باشە ئەی پێتوانییە زۆربەی بریارەکانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا و لە پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت ئەو دەتوانێت بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ بکات، وەك کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس؟**

- راستە بریاری گواستنەوەی باڵیوزخانەی ئەمریکا بۆ قودس یەکێك بوو لە بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەڵام زۆربەی بریارەکانی سیاسەتی دەرەوەی پەیوەستە بە پرسی کۆچبەرانەوە کە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینەوە روودەکەنە ئەمریکا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا- واتە تەنانەت پێش ئەوەی ترەمپ ببێتە سەرۆکی ئەمریکا- کۆچکردن لە ئەمریکای لاتینەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەم بۆتەوە، چونکە لە راستیدا ئێستا هێندەی هاووڵاتی مەکسیکی ئەمریکا جێدەهێڵن، هێندەی ئەو ژمارەیە نایەنە نێو ئەمریکا. کەواتە تا رادەیەکی گەورە ئەو پرسانەی ترەمپ زەقیان دەکاتەوە ناراستن، بەڵام ئەو دێت و ئەو پرسانە دەورووژێنێت کە جێی بایەخ و گرنگپێدانی جەماوەرە سیاسییەکەن.

*** ئێمە دەزانین ترەمپ دروشمی ئەوەی بەرز کردەوە کە دەبێت ئەولەوییەتی بایەخپێدان بۆ ئەمریکا بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ترەمپ توانیویەتی سەرکردایەتی و میسداقیەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان بنیاد بنێتەوە؟**

- نەخێر، من پێموایە ترەمپ سەرکردایەتیی ئەمریکای بۆ جیهان تێکشکاندووە، چونکە ئەو پەیوەندییەکانی ئەمریکای لەگەڵ هاوپەیمانە دێرینەکانی وەك وڵاتانی ئەڵمانیا و کەنەدا و مەکسیك لاواز کردووە، کە ئێستا پەیوەندییەکی خراپمان لەگەڵ هەموو ئەم وڵاتانەدا هەیە بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا.

*** باشە ئاکامە دوورمەوداکانی ئەم تێکچوون و خراپبوونی پەیوەندییانە لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانە دێرینەکان چی دەبێت؟**

ئێمە دەزانین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چەندین لێدوانی داوە کە بوونەتە هۆی لاوازبوونی ئەم پەیوەندییانە کە ئەو لێدوانانەش مایەی شۆك بوون بۆ زۆرێك لە بەرپرسە ئەمریکییەکان و بەرپرسی وڵاتانی دیکەش. لەگەڵ ئەوەشدا ستافی پرۆفیشناڵی نێو وەزارەتی دەرەوە و نێو وەزارەتی بەرگری و دامەزراوەی سوپا و دەزگای هەواڵگری هاورا نین لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی سەرۆك ترەمپدا، کاتێك سەرۆك ترەمپ رایدەگەیەنێت کە ئەم هاوپەیمانە دێرینانە جێی متمانەپێکردن نین، تەنانەت پێموایە ئەوان بە هێمنی دژی سەرۆك ترەمپ کار دەکەن، هەوڵ دەدەن پارێزگاری لەو پەیوەندییانە بکرێت و درێژەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی زیانەکان سنووردار بکەن. کەواتە ئەو پرسیارەی لە سەروەختی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکایەتی لە ئەمریکادا رووبەڕووی هاوڵاتیانی ئەمریکا دەبێتەوە، ئەوەیە کە چەند گرنگە ئەوەی کە سەرۆك ترەمپ دەیڵێت، یان ئەوەی باقی حکومەت و ئیدارەکەی ئەنجامی دەدەن.

**ترەمپ بووە میراتگری ئابوورییەک کە لە گەشەکردندا بوو، ئێستاش بەردەوامە لە گەشەکردن و ئەویش دەتوانێت وەک دەستکەوتێک ئاماژەی پێبکات و لە ئێستاشدا دەتوانین بڵێین ئێمە قەیرانی ئابووریمان نییە**

**دیموکراتەکان بە تێکرا دەڵێن سەرۆک ترەمپ خیانەتی لە ئەمریکا کرد لە میانەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ پوتین، لە کاتێکدا کۆمارییەکان بە زۆرینەی دەنگی پشتیوانی دۆناڵد ترەمپ دەکەن**



د. ئەشواق جاف

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شکستیان هێناوە

هەندێك لە چاودێرانی سیاسی رایانوایە لە شارەکانی باشووری عێراق وجوودی دەوڵەت لاوازە و سەرۆك هۆزەکان و ئەو حزبانەی میلیشیای چەکداریان هەیە، دەسەڵاتیان لە حکومەت زیاترە، هەر ئەوانیش دەستیان بەسەر جومگەکانی داراییدا گرتووە و ئەوەش وایکردووە «گەندەڵی» بە گەورەترین رێگری بەردەم دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان هەژمار بکرێت، ئەم پرسە و هۆکاری خۆپیشاندانەکانی بەغدا و زۆربەی شارە شیعەنشینەکانی باشووری عێراق و کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی نوێ و چەندین پرسی تایبەتمەند بە هەرێمی کوردستان، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ د. ئەشواق جاف ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق تاوتوێ کراون.

*** ماوەی چەند هەفتەیەکە لە بەغدا و زۆربەی شارە شیعەنشینەکانی باشووری عێراق خۆپیشاندانی هاووڵاتیان بەردەوامە، خوێندنەوەتان بۆ ئەم خۆپیشاندانانە چییە؟**

- هۆکاری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانە، فەشەلی حکومەتی عێراقە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیان، ئاشکرایە حکومەتی عێراق لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بودجەیەکی گەورەی لەبەردەست بووە، بەڵام نەیتوانیوە هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گەندەڵییەکی لە رادەبەدەر لە هەموو جومگەکانی حکومەتی عێراقدا بوونی هەیە و ئەمەش بووەتە پەتایەکی کوشندە و حکومەتەکەی ئیفلیج کردووە. ئەگەر لێرەوە و بە مەبەستی بەراوردکاری بگەڕێینەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠١٤ کە ئەو کات حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکی ١٧٪ی لە بودجەی عێراق وەردەگرت، ئەوا هەرێمی کوردستان بەو پشکەی کە بەری دەکەوت، زۆر زیاتر لە حکومەتی عێراق خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیانی کوردستان دەکرد، ئەمە مانای ئەوە نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەموکورتی و گەندەڵی تیا نەبووە، بەڵام بەراورد بە بەغدا جیاوازییەکی هێجگار گەورە لە نێوان ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ تەواوی شارەکانی دیکەی عێراق هەیە. ئەمە بەس تەنیا قسەی ئێمەی نوێنەرانی کورد نەبووە لە بەغدا، بەڵکو لە فەرمانگای راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاشکرا رایاندەگەیاند کە هەرێمی کوردستان بە پشکی ١٧٪ توانیویەتی خزمەتگوزارییەکی زۆر باش پێشکەشی هاووڵاتیانی کوردستان بکات، بەڵام حکومەتی عێراقی بە ٨٣٪ی کۆی داهاتی عێراق نەیتوانیووە هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات. ئاشکراشە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ شەوە پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق براوە و کۆی داهاتی عێراقیان لەبەردەست بووە، بەڵام وەك لە خۆپیشاندەرانەوە دەیبینین، لە شارێکی وەك بەسرە تەنانەت ئاوی خواردنەوەیان نییە و ئاوی سوێر دەخۆنەوە.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کێ سوودمەندە لەم بارودۆخە؟ بێگومان چەند لایەنێك لەم بارودۆخە سوودمەندن، بۆیە ئەو خۆپیشاندانانە بە فرسەت وەردەگرن و خەڵکانی خۆیان تێکەڵاوی خۆپیشاندەران دەکەن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەر وەك چۆن هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەی نەجەف و ئاشکراشە فڕۆکەخانەی نەجەف سەرچاوەیەکی باشی داهاتی هەیە، ئەمەش بۆتە جێگەی ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان. ئەگەر لەسەر ئاستی ئیقلیمیش سەیری بکەین، دەبینین لە تەواوی ناوچەکە ئاڵۆزییەکی گەورە هەیە، پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا لەو پەڕی ئاڵۆزیدایە و ئەمریکا گوشارەکانی توند کردووە بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێت نەوتەکەی بفرۆشێت، هەر بۆیە کاتێك لە ناو خۆپیشاندەرانەوە خەڵکانێك هەوڵدەدەن رێگە لە ناردنەدەرەوەی نەوتی عێراقیش بگرن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەرێکە و لەوانەیە بۆ ئەوە بێت گوشارەکان لەسەر ئێران کەم بکەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی هۆکاری سەرەکیی ئەم خۆپیشاندانانە نەهامەتیی خەڵك و نەبوونی خزمەتگوزارییە، بەڵام چەند لایەنێکی سیاسی دەیانەوێت ئەم خۆپیشاندانانەش بۆ مەبەستی حزبیی خۆیان بەکاربهێنن.

*** لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ کە حوکمڕانیی عێراق کەوتە دەست عەرەبی شیعەی عێراق، حکومەت زیاتر حکومەتی کێشە دروستکردن بووە، نەك چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، پێشتر کێشەی بە کێشە پەردەپۆش دەکرد لەگەڵ کورد و عەرەبی سوننە، بەڵام ئەمجارەیان کێشەکە لە ناوماڵی عەرەبی شیعەدایە، ئایا ئەمجارە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات؟**

- بێگومان بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە کە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شکستیان هێناوە، کێشەی عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە یەك کێشەی سەرەکییە، ئەویش ئەقڵییەتی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیە، راستە لە دوای ٢٠٠٥ دەموچاوەکان گۆڕان و شیعەکان بوونە حوکمڕانی ئەم وڵاتە، بەڵام ئەقڵییەتەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهات و هەمان ئەو ئەقڵییەتەیە کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو عێراقی کاول کردووە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و پەسەندکردنی دەستووری عێراق، ئومێدەکە ئەوە

**مێژوو سەلماندوویەتی، پارتی چ پێشبینییەکی کردبێت و لەچی ترسابێت، ئەوانە هەمووی هاتوونەتەدی، هەر بۆیە کاتێک پارتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ریفراندۆم بکرێت و نابێت دوابخرێت، دەیزانی بۆچی جەخت لەو بڕیارە دەکاتەوە**

**حکومەتی عێراق لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بودجەیەکی گەورەی لەبەردەست بووە، بەڵام نەیتوانیوە هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات**

**گەندەڵییەکی لە رادەبەدەر لە هەموو جومگەکانی حکومەتی عێراقدا بوونی هەیە و ئەمەش بووەتە پەتایەکی کوشندە و حکومەتەکەی ئیفلیج کردووە**

**لە فەرمانگای راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاشکرا رایاندەگەیاند کە هەرێمی کوردستان بە پشکی ١٧٪ توانیویەتی خزمەتگوزارییەکی زۆر باش پێشکەشی هاووڵاتیانی کوردستان بکات، بەڵام حکومەتی عێراقی بە ٨٣٪ی کۆی داهاتی عێراق نەیتوانیوە هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات**

**ئەمریکا گوشارەکانی توند کردووە بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێت نەوتەکەی بفرۆشێت، هەر بۆیە کاتێک لە ناو خۆپیشاندەرانەوە خەڵکانێک هەوڵدەدەن ڕێگە لە ناردنەدەرەوەی نەوتی عێراقیش بگرن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەرێکە و لەوانەیە بۆ ئەوە بێت گوشارەکان لەسەر ئێران کەم بکەنەوە**

**بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە کە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شکستیان هێناوە**

**ئێستا دەستوور لە عێراقدا بێجگە لە نامیلکەیەک کە لەسەر ڕەفەکان تۆزی لێنیشتووە شتێکی دیکە نییە و حیسابی بۆ ناکرێت**

**بەشی هەرە زۆری ئەو حزبە سیاسییانەی شیعە خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆیان نین و ئەو بڕیارانە جێ بەجێ دەکەن کە لەو دیوی سنوورەکانەوە بۆیان دێت**

بوو بە ئەقڵییەتێکی تازە دووبارە عێراقێکی تازە بونیاد بنرێتەوە، بەڵام حزبە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە بەغدا، ئەو دەستوورەیان بێ ناوەڕۆك كرد و تەنیا یەك بڕگەیان لێ جێبەجێ کرد کە ئەویش دامەزراندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە (حکومەت)، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان کە بەپێی دەستوور دەبێت لە دوو بەش پێکبێت، کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی، تەنیا ئەنجومەنی نوێنەرانیان پێکهێنا و ئەنجومەنی فیدراڵیان پشتگوێ خست، خۆ ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرایە و لەسەر بنەمای هەرێم و پارێزگاکان دەسەڵاتی لامەرکەزی بە ڕێکوپێکی بچەسپێنرایە، ئەوا عێراق حاڵی نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژەی ئێستا، بەڵام بەداخەوە دەستەبژێری حوکمڕانی شیعەی عێراق هاتن بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کاریان کرد و ویستیان عێراق بگێڕنەوە بۆ دەوڵەتێکی سەنتراڵی بەهێز، بۆ ئەوەی ئەمەشیان بۆ بچێتەسەر، ئەو کاتەی لاواز بوون پێویستیان بە لایەنی کوردستانی و عەرەبی سوننە بوو، بەڵام دوای ئەوەی جێ پێی خۆیان قایم کردو بەهێز بوون، لەگەڵ عەرەبی سوننە شەڕی دەسەڵات و مان و نەمانیان دەکرد، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش شەڕی ئیرادە شکاندنی خەڵکی کوردستانیان دەست پێکرد، ئەم کێشەیەش لە ئەقڵییەتی ئەو کەسانەی حوکمڕانیی عێراق دەکەن، چارەسەری نییە، بەتایبەتیش ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە ئێستا جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستەوەیە، هێندەی بیر لە بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان دەکەنەوە، هێندە بیر لە هاووڵاتیان ناکەنەوە، چونکە ئەگەر بیر هاووڵاتیان و حوکمڕانییەکی باش بو عێراق بکەنەوە، ئەوا دەبێت ئەو دەستوورە وەك خۆی و بە هەموو بڕگەکانییەوە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێستا دەستوور لە عێراقدا بێجگە لە نامیلکەیەك کە لەسەر ڕەفەکان تۆزی لێنیشتووە شتێکی دیکە نییە و حیسابی بۆ ناکرێت، زیاد لەمەش بەشی هەرە زۆری ئەو حزبە سیاسییانەی شیعە خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆیان نین و ئەو بڕیارانە جێ بەجێ دەکەن کە لەو دیوی سنوورەکانەوە بۆیان دێت، ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر خاکی عێراق یەکلایی دەکرێتەوە، لە بارودۆخی لەم جۆرەشدا هەموو گریمانەیەك دروستە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم حکومەتە ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات.

*** مەبەستمان ئەوە بوو، کاتێك عەرەبی سوننە خۆپیشاندانی دەکرد، حکومەتی عێراق بە تیرۆریست ناوی دەبردن و بە یاسای دژی تیرۆر خۆپیشاندانەکانی دادەمرکاندنەوە، کاتێك خەڵکی کوردستان ڕای خۆی ئازادانە لە ریفراندۆمدا دەربڕی، هێزی نارده سەر کوردستان و بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی داگیرکردەوە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی عەرەبی شیعە دەکات؟**

- پێش هەموو شت، سوننەی عەرەب تیرۆریست نەبوون، بەڵکو تەفسیری مەزاجی و سیاسی بۆ بڕگەکانی دەستوور وایان کرد وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، سەبارەت بە ریفراندۆمی خەڵکی کوردستانیش کە جێگەی شانازیمانە توانیمان ئەو پرۆسە گەورە و گرنگە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین، ئەوا ریفراندۆم وەك ئازادی ڕادەربڕین بەپێی دەستووری عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان مافی هەر گەل و نەتەوەیەکە کە بە ئازادی ڕای خۆی دەربڕێت، بەڵام دیسان بۆ ریفراندۆمی خەڵکی کوردستانیش تەفسیرێکی مەزاجی و سیاسییان بۆ دەستوورەکە کرد و هێرشیان کردە سەر کوردستان، هەر بۆیە ئەگەر لەم وڵاتە دەستوور جێبەجێ بکرایە، دەبوو ئەو کەسانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت کە دەستوور و یاساکانی وڵات پێشێل دەکەن، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە مانای ئەوەیە خەڵك تا ئەو پەڕی بێزار بووە و چیتر توانای بەرگەگرتنی نەماوە، بۆچی؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە کە پێشتر ئەو خەڵکە موڵەتیان بە حکومەتی عێراق داوە بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات، بەڵام حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی شکستی هێنا و لە حوکمڕانی شکستی هێنا و نەیتوانی خزمەتگوزاری دابین بکات، بۆیە ئێستا خەڵکەکەی خۆیان هیچ متمانەیەکیان بەو حزبە سیاسییانە نەماوە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە نەیتوانیوە حوکمڕانییەکی باش بکەن. ئەوجا ئەگەر سەیری شێوازی مامەڵەی د.حەیدەر عەبادی بکەین لەگەڵ ئەم خۆپیشاندانانە، دیارە عەبادی لە سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە کۆمەڵێك دروشمی باق و بریقی بەرز کردۆتەوە، ئێستا دەزانێت کە

خەڵك متمانەی بە دروشمەكانی نەماوە، بۆیە لە بری ئەوەی دان بە راستییەكاندا بنێت و بە ئاشكرا بە خەڵك بڵێت لە حوكمڕانی شكستم هێناوە، دێت كێشە، یان بابەتی تازە دروست دەكات بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەكانی پێ بشارێتەوە، ئێستاش پەنای بردووە بۆ دوو كارت، یەكەمیان بەكارهێنانی هێز دژی خۆپیشاندەران، دووەمیان بابەتی خانەنشینی پەرلەمانتارەكان، دەیەوێت بە خەڵك بڵێت هەموو هۆكارەكان پەرلەمانە و حكومەت نییە، لە كاتیكدا پەرلەمان تەنیا یاسا دەردەكات و چاودێری حكومەت دەكات و هیچ دەسەڵاتێكی دیكەی نییە، بەڵام حكومەت دەسەڵاتی جێبەجێكردن و سەرچاوەی داهاتە و هەموو گەندەڵییەكان لای ئەوە، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە كێشەیەك دروست بكات، یان بابەتێكی تازە بێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی خۆی لە كێشە راستەقینەكان بشارێتەوە.

*** هەندێك لە چاودێران بەو جۆرە باس لە شارەكانی باشوری عێراق دەكەن كە لەو شارانە وجوودی دەوڵەت لاوازە و زیاتر ئەو حزبانەی میلیشیای چەكداریان هەیە لەگەڵ سەرۆك هۆزەكان دەسەڵاتیان هەیە، بۆچی وجوودی دەوڵەت لەو شارانە لاوازە؟**

- ئەگەر باسی لاوازیی دامەزراوەكانی دەوڵەتی عێراق بكەین، ئەوا نەك هەر لەو شارانە، بەڵكو كۆی دامەزراوەكانی ئەم دەوڵەتە لاوازە و پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەكتری نییە، هەر بۆ نموونە هەندێك جار كە تەقینەوەیەك لە بەغدا روودەدات، هۆكارەكەی ئەوەیە پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لە نێوان هێزە پەیوەندیدارەكان وەك هەواڵگری، دژە تیرۆر، پۆلیسی فیدراڵی بوونی نەبووە، لەناو بەغدا هەر ناوچەیەك ئەو حزبانە تیایدا دەسەڵاتدارن كە میلیشیای حەشدی شەعبییان هەیە، زۆر جار ئەم میلیشیایانە لەگەڵ هێزەكانی ئاسایش رووبەڕوو دەبنەوە، یان لە نێوان دوو هێزی میلیشیای حزبەكاندا لە ناوخۆیاندا بەشەڕ دەهاتن، لە بارودۆخێكی لەو جۆرەشدا خەڵك متمانەی بە هێزەكانی ئاسایش نامێنێت، كە متمانەش نەما هەماهەنگییش لەنێوان ئەو هێزانە و خەڵكدا نامێنێت، ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق سكاڵای زۆری خەڵكمان بۆ دەهات كە هێزە عێراقییەكان ئازاریان دەدان، بەتایبەتی لە موسڵ، هێزە ئاسایشییەكانی عێراق لەسەر بنەمای تائیفی خەڵكی موسڵیان زۆر ئازار دابوو، بۆیە كە داعش موسڵی گرت، خەڵكەكە هەستی دەكرد ئازاد كراوە، بەڵام كە داعش هەقیقەتی خۆی ئاشكرا كرد و دەركەوت ئەو هێزە نییە، بۆیە وەزعیان خراپ بوو، لە ناوچەكانی دیكەش كە تەقینەوەیەك روودەدات، هێزەكانی ئاسایشی عێراقی بە هەرەمەكی خەڵك دەگرن و ئەوەی لەسەر شەقامەكە بێت دەیپێچنەوە، دیارە لە پارێزگاكانی باشووریش بارودۆخەكە هەر بەو شێوەیە، بەڵام جیاوازییەكەی ئەوەیە خەڵكی ئەو ناوچانە زیاتر پابەندن بە دابونەریتی هۆز و سەرۆك هۆزەكانەوە.

*** دیارە لە ئێستادا پەرلەمان ماوەی تەواو بووە و پەرلەمان بە فەرمی بوونی نییە، پەرلەمانی تازەش بە هۆی رانەگەیاندنی ئاكامی هەڵبژاردنەوە دەست بەكار نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دووچاری ئیفلیجبوون هاتووە، ئایا ئەمانە عێراق بەرەو پاشاگەردانی زیاتر نابات؟**

- بە راستی ئێستا بارودۆخەكە وایلێهاتووە خەڵك بڕوای بە هەڵبژاردن نەماوە، وەك خۆتان ئاگادارن، خەڵك هەبووە دەڵێت: لە ئوتێلەكەی من لە فلان وڵات رێككەوتن لەسەر كڕینی دەنگەكان كراوە، هەیە دەڵێت: داوای چەند ملیۆن دۆلار لە من كراوە بۆ ئەوەی ببمە پەلەمانتار، ئیدی خەڵك چۆن متمانەی بە پرۆسەكە نەبوو، لە خولەكانی پێشتردا، لەدوای هەڵبژاردن و پێكهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هێزە سیاسییەكان و خەڵكدا كێشە دروست دەبوو و متمانە لەق دەبوو، بەڵام ئەمجارە پێش دەست بەكاربوونی پەرلەمانی تازە و پێكهێنانی حكومەت، متمانە بوونی نەماوە، هێزە سیاسییەكان لەناو خۆیاندا متمانەیان بە یەك نییە و هاووڵاتیانیش متمانەیان بە كۆی پرۆسە سیاسییەكە نییە. بێگومان پەرلەمان هەوڵیدا تەمەنی خۆی درێژ بكاتەوە، بەڵام ئەمە كارێكی نادەستووری بوو، راستە لەوانەیە ئەگەر تەمەنی پەرلەمان درێژ بكرایەتەوە، پرۆسە سیاسییەكەی لە هەندێك نیگەرانی رزگار دەكرد، بەڵام لایەنە مەترسیدارەكەی ئەوە بوو ئەم درێژكردنەوەیە لەلایەن حزبە سیاسییەكانەوە بۆ مەرامی حزبی ئیستغلال دەكرا، هەر بۆ نموونە كاتێك پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٨ هەموار كرایەوە، بە

**سوننەی عەرەب تیرۆریست نەبوون، بەڵكو تەفسیری مەزاجی و سیاسی بۆ بڕگەكانی دەستوور وایان كرد وەک تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ بكەن**

**بەپێی دەستووری عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان مافی هەر گەل و نەتەوەیەكە كە بە ئازادی رای خۆی دەرببڕێت، بەڵام دیسان بۆ ریفراندۆمی خەڵكی كوردستانیش تەفسیرێكی مەزاجی و سیاسییان بۆ دەستوورەكە كرد و هێرشیان كردە سەر كوردستان**

**كاتێک پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٨ هەموار كرایەوە، بە قەڵەمێكی شین بڕگەیەک بۆ یاساكە زیاد كراوە كە ئەویش رەتكردنەوەی دەنگی تایبەتی هەرێمی كوردستان بوو، ئەم بڕگەیە كە لەسەر پێشنیاری هەندێک لایەنی سیاسی كوردی بوو، بەڵام لەلایەن غەیرە كوردیشەوە دەنگی پێدرا بۆ ئەوەی پەرتەوازەیی زیاتر بخەنە نێوماڵی كوردستانەوە**

**كێشەی ئێمە ئەوەیە كە هێزە سیاسییەكان یەكڕیز و یەكهەڵوێست نین، كاتێک گرژی و ئاڵۆزییەک روودەدات، زۆربەی هێزە سیاسییەكان خۆیانی لێ دەدزنەوە، كە سەركەوتنێكیش دەبێت، هەمووی خۆی دەكاتە خاوەنی**

قەڵەمێکی شین بڕگەیەك بۆ یاساکە زیاد کراوە کە ئەویش ڕەتکردنەوەی دەنگی تایبەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئەم بڕگەیە کە لەسەر پێشنیاری هەندێك لایەنی سیاسی کوردی بوو، بەڵام لەلایەن غەیرە کوردیشەوە دەنگی پێدرا بۆ ئەوەی پەرتەوازەیی زیاتر بخەنە نێوماڵی کوردستانەوە.

*** بێگومان سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان زۆر بە هوشیارییەوە لەوە تێگەیشتووە کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا شکستی هێناوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم درا، ئێستاش دوای ریفراندۆم جارێکی دیکە و بە زۆر ئێمە خراوینەتەوە ناو ئەو پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە، ئایا تاچەند ئەم پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخی کوردستان دەبێت؟**

- ئێمە ئەگەر لە کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بوونایە، پرۆسەی سیاسی عێراق هەر چۆنێك بوایە، کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر بارودۆخی کوردستان نەدەبووە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان یەکڕیز و یەکهەڵوێست نین، کاتێك گرژی و ئاڵۆزییەك ڕوودەدات، زۆربەی هێزە سیاسییەکان خۆیانی لێ دەدزنەوە، کە سەرکەوتنێکیش دەبێت، هەمووی خۆی دەکاتە خاوەنی، ئاشکرایە ئێمە هەر دەبوو ریفراندۆممان بکردایە و دەبوو هەر لەو کاتەش ئەنجام بدرایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرنامە و پلانی حکومەتی عێراق ئەوە بوو دوای شەڕی داعش پەلاماری کوردستان بدات و راشکاوانە پێیان دەگوتین دوای داعش دەتانبەینەوە چیاکانی کوردستان، ئەمەش لای هەموو پەرلەمانتارانی عێراق ئاشکرایە، بەڵام کەمن ئەو ئەندامانەی بوێری ئەوەیان تێدا بێت کە دان بە راستییەکاندا بنێن، بەڵام بەداخەوە ئێستا لایەنە سیاسییەکان دەیانەوێت بڵێن پارتی بەرپرسە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام ناڵێن حکومەتی عێراق بەرپرسە لە جێبەجێ نەکردنی دەستوور و پێشێلکردنی. لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بووە بەشێك لە سەرکردایەتیی عێراق لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە و ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، بەڵام کاتێك دوای نزیکەی ١٥ساڵ دەستوورە کە جێبەجێ نەکراوە، ئێ خۆ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی بگەڕێتەوە لای گەلەکەی خۆی و لێیان بپرسێت، ئێمە لەسەر ئەم دەستوورە بووینەوە بە بەشێك لەعێراق، ئێستا ئەم دەستوورە جێبەجێ ناکرێت، ئایا چ بڕیارێکی دیکە دەدەن؟ ئێستاش کە جارێکی دیکە ناچارکراوین بگەڕێینەوە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، لایەنی کوردستانی بەتایبەتی پارتی و یەکێتی کە بە بەرنامەیەکی هاوبەش دەچنە بەغدا هەر داوای جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە ناوماڵی سیاسیی کوردستان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، ئەگەر ئەمە نەبێت هەموو شتێك کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان دەبێت.

*** ئاماژەت بەوە کرد، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ریفراندۆم بە بڕیاری پارتی لە قەڵەم دەدەن بۆ ئەوەی لێکەوتەکانی دوای ریفراندۆم بخەنە ئەستۆی پارتی، بەڵام خەڵکی کوردستان دوای ریفراندۆم زیاتر متمانەی بە پارتی دایەوە، ئایا نهێنیی ئەم متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە پارتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مێژوو سەلماندوویەتی، پارتی چ پێشبینییەکی کردبێت و لەچی ترسابێت، ئەوانە هەمووی هاتوونەتەدی، هەر بۆیە کاتێك پارتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ریفراندۆم بکرێت و نابێت دوابخرێت، دەیزانی بۆچی جەخت لەو بڕیارە دەکاتەوە، بە راستیش بینیمان ئەو لایەنە سیاسییانەی حەزیان بە سەرکەوتنی پارتی و تێڕوانە دووربینەکانی پارتی نەبوو، دوای ریفراندۆم دەیانگوت پارتی بەرپرسە، بەڵام پارتی لە بەرپرسیاریەتی هەڵنەهات و دوای ئەوەی هێزەکانی عێراقیش هێرشیان کردەوە، تەنیا پارتی بوو کە هەرێمی کوردستانی پاراست، ئەوجا خەڵکی کوردستان هەڵوێستەکانی پارتی دەبینن و دەزانن کێ خاوەنی بڕیاری نەتەوەییە و کام لایەنە بەرگری لە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری رابردوو، وێڕای ئەوەی لە کەرکووکیش بایکۆتمان کردبوو، بە ناهەقیش دەنگێکی هێجگار زۆری کوردانی ئێزیدی سووتێنران، بەڵام پارتی هەر بە هێزی سەرەکی و یەکەمی کوردستان مایەوە، نهێنیی ئەمەش ئەو متمانە گەورەیە بووە کە لە نێوان پارتی و خەڵکی کوردستاندا بوونی هەیە.

**بەرنامە و پلانی حکومەتی عێراق ئەوە بوو دوای شەڕی داعش پەلاماری کوردستان بدات و راشکاوانە پێیان دەگوتین دوای داعش دەتانبەینەوە چیاکانی کوردستان**

**ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بووە بەشێک لە سەرکردایەتیی عێراق لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە و ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، بەڵام کاتێک دوای نزیکەی ١٥ساڵ دەستوورە کە جێبەجێ نەکراوە**

**خەڵکی کوردستان هەڵوێستەکانی پارتی دەبینن و دەزانن کێ خاوەنی بڕیاری نەتەوەییە و کام لایەنە بەرگری لە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری رابردوو، وێڕای ئەوەی لە کەرکووکیش بایکۆتمان کردبوو، بە ناهەقیش دەنگێکی هێجگار زۆری کوردانی ئێزیدی سووتێنران، بەڵام پارتی هەر بە هێزی سەرەکی و یەکەمی کوردستان مایەوە**

**ئەو لایەنە سیاسییانەی حەزیان بە سەرکەوتنی پارتی و تێڕوانە دووربینەکانی پارتی نەبوو، دوای ریفراندۆم دەیانگوت پارتی بەرپرسە، بەڵام پارتی لە بەرپرسیاریەتی هەڵنەهات و دوای ئەوەی هێزەکانی عێراقیش هێرشیان کرد، تەنیا پارتی بوو کە هەرێمی کوردستانی پاراست**



نەجیبە نەجیب
ئەندامی خولی پێشووی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ساڵانە ٢٣٪ی بودجەی عێراق بۆ کەرتی ئاسایش دەچێت و وڵاتەکەش ئارامی و ئاسایشی تێدا نییە

**لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە ٥٠ ملیار دۆلار تەرخانکراوە بۆ دابینکردنی کارەبا کەچی پارێزگای بەسرە بێ کارەبایە و لە ئێرانەوە کارەبای بۆ دابین دەکەن**

**ژمارەو داتاکان لە عێراقدا ئەو راستییە دەسەلمێنن کە نەك تەنیا شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتی و مەینەتییەی گەلانی عێراقە، بەڵکو بەم نزیکانە هیچ ئومێدێکیش نییە بە راستکردنەوەی دۆخەکە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتەو چەند تەوەرەی پەیوەندیدار بە دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەجیبە نەجیب ئەندامی پێشووی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** زیاتر لە مانگێکە هاووڵاتیانی عێراق لە بەغدا و شارەکانی بەسرە و باشووری عێراق و ناوەڕاست خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن؛ تادێت سەقفی داواکاریی خۆپیشاندانەکان بەرز دەبێتەوە، ئایا چی وای کردووە لە وڵاتێکی دەوڵەمەندا دۆخەکە بگاتە ئەم ئاستە مەترسیدارە؟**

- خۆپیشاندانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەتایبەتی لە ناوچەکانی شیعەنشین دەرئەنجامی ئەو سیاسەت و حوکمڕانییە شکستخواردووەی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەیە کە لە دوای ٢٠٠٣وە لەسەرجەم بوارەکاندا بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە شکستیان هێناوە. ئەوەی پەیوەندی بە بواری ئابوورییەوە هەبێت، ئەوا لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تا کۆتایی ٢٠١٧ زیاتر لە ٩٩٦ تریلیۆن دینار هاتۆتە خەزێنەی عێراقەوە، ئەمە وەك میزانییە نەك موازەنە. لەم بڕە پارەیەش زیاتر لە ٧٠٠ تریلیۆن دیناری بۆ خەرجی بەکارخستن بووە و ٢٥٠ تا ٣٠٠ ترلیۆن دیناریشی خەرجی وەبەرهێنان بووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠١٧ لە پلاندا بووە کە زیاتر لە شەش هەزار پڕۆژەی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان جێبەجێ بکرێت لە ١٥ پارێزگای عێراق- جگە لە کوردستان- بەڵام رێژەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە لە٢٠-٣٠٪ و لە باشترین حاڵەتەدا ٥٠٪ بووە. سەبارەت بە هۆکاری خۆپیشاندانەکان بەتایبەتی لە شاری بەسرە، نەبوونی خزمەتگوزارییە، بەتایبەتی نەبوونی ئاوی خواردنەوە و نەبوونی ئاوەڕۆ و بوونی زبڵ و خاشاك لەو شارەدا. ئەمە لەکاتێکدا لە بەندەرەکانی ئەم شارەدا رۆژانە دوو ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوە دەکرێت. نەبوونی خزمەتگوزاری لەم شارەدا بۆ نەبوونی بودجەو پارە ناگەڕێتەوە، بەڵکو هۆکارەکەی بوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە.

**بە پێی دەستوور و یاسای بودجە دەبوو حکومەتی عێراق تا ئێستا زیاتر لە ٨٠ تریلیۆن دیناری عێراقی بودجەی بە کوردستان بدایە کە نەیداوە**

**لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ عێراق نزیکەی ٦٥ ملیار دۆلار قەرزی ناوخۆ و دەرەکی لەسەر کەڵەکە بووە، کە ٤٥ تریلیۆن دیناری قەرزی بانکی ناوەندییە و نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ ملیار دۆلاریشی لە سندوقی نەختی نێودەوڵەتی قەرزکردووە**

هەروەها گەندەڵییەکی زۆر لە حکومەتی خۆجێی بەسرە هەیە کە لەلایەن حزبی حاکمەوە بەڕێوە دەبرێت، بۆ نموونە پڕۆژەی دروستکردنی یاریگا و پاشکۆکانی کە زۆرترین گەندەڵی تێدا کراوەو هێشتا پڕۆژەکە وەکو خۆی ماوە و جێبەجێ نەکراوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە ٥٠ ملیار دۆلار تەرخانکراوە بۆ دابینکردنی کارەبا، کەچی لەم پارێزگایە کارەبا لە ئێران وەردەگرن.

*** لەکاتێکدا ئەو هەموو گەندەڵی و کەمتەرخەمییە هەیە، بۆچی لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ گەندەڵکاران و ئەوانەی تۆمەتبارن بە هەردەردانی ماڵی گشتی ناکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، لە رووی کردارییەوە دەوڵەتی عێراق بوونی نەماوە. پێنج پارێزگای سوننەنشین خەڵکەکەی چۆڵیان کردووە و تا ئێستا بواری ئەمنی خراپە و گرفتی داعش و مەزهەبگەرایی توند هەیە، ململانێ و کێشەکانی کاربەدەستدانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا روون و لەبەرچاوە و بەڕێوەبردنی هەرێمیش لەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیەتی، هەرچی نۆ پارێزگا شیعەنشینەکەی ناوەڕاست و باشووریش هەیە لە رواڵەتدا لەژێر دەستی حکومەتی عێراقن، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە دەریانخست کە ئەوانیش لە حکومەت رازی نین. ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی لێپرسینەوە ناکرێت، ئەوا لەبەر ئەوەی لیپرسینەوەکان سرووشتێکی سیاسییان هەبووە، نەك پیشەیی، بۆ نموونە لێپرسینەوە لە وەزیری دارایی و بەرگری لە پەرلەمانی پێشوودا لەسەر بنەمایەکی سیاسی بوو. بۆ نموونە لەبەر ئەوەی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی لەسەر پێکهاتەی کورد بوو، هەروەها وەزیری بەرگری عەرەبی سوننە بوو، چەندین جار لە پەرلەمان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا، لەسەر شێوازی

مامەڵەی سیاسییانە نەک لێپرسینەوەیەکی یاسایی و پیشەیی. بەمشێوەیە بەڕێوەبردنی حکومەتە مەزهەبییەکە لە بەرژەوەندیی حزبە شیعەکان بەتایبەتی حزبی دعوا بووە، لەناو حزبی دەعواش بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەس بوو.

*** زۆر باس لە ڕێژەی هەژاری دەکرێت لە عێراقدا زانیارییەکانی ئێوە لەم بارەیەوە چین؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەژارییەوە هەبێت ئەوا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ ڕێژەی هەژاری لە عێراق ٢٣٪ بوو، بێکاریش بە ٢٥٪ خەمڵێنرابوو، هەرچەندە ئەم دوو حاڵەتە تەواوکەری یەکترن. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بەهۆی تەرخانکردنی ١٠٠ هەزار پلەی وەزیفی حکوومی ڕێژەی بێکاری کەم بووەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت ڕێژەی بێکاری زیادی کرد، چونکە ئەو کات دامەزراندن تەنیا بۆ هێزەکانی سەربازی و ئەمنی بوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کەرتی تایبەت لەو ساڵەوە ڕووی لە کزی کرد.

*** ئاشکرایە عێراق بە بەردەوام قەرز دەکات، ئایا عێراق ئێستا چەند قەرزارە؟**

- بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی دارایی عێراق زیاتر لە ١١٧ ملیار دۆلار قەرزارە، ئەم قەرزەش دوو بەشە: یەکەم:عێراق لە کاتی ڕژێمی سەدام ٥٥ ملیار دۆلار قەرزار بووە. دووەم : لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ عێراق نزیکەی ٦٥ ملیار دۆلار قەرزی ناوخۆ و دەرەکی لەسەر کەڵەکە بووە، کە ٤٥ تریلیۆن دیناری قەرزی بانکی ناوەندییە و نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ ملیار دۆلاریشی لە سندوقی نەختی نێودەوڵەتی قەرزکردووە. بەشێکی زۆری ئەم قەرزانە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بووە بەڵام ٧-١٠ ملیار دۆلاری بۆ تەواوکاری بودجە بووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو پرۆژانە بۆ شارەکانی میسان و کەربەلا و بەغدا و بەسرە و بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شارەکانی دیکەی شیعەنشین بووەو زۆر کەمی بۆ ناوچەکانی عەرەبی سوننە بووە، کوردستانیشی هەر تێدا نییە. بەڵام ئەو پرۆژانەی بەهۆی گەندەڵییەوە شکستیان هێناوە. هەرچۆنێک بێت و بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بودجەی عێراق بۆ کەرتەکانی ناوخۆ و سەربازی و نەوت دەچێت و بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ تەرخانکراوە. بۆ نموونە بە ڕێژەی ٢٣٪ بودجە بۆ کەرتی ئاسایش و ناوخۆ دەچێت و ولاتەکەش ئەمنیەت و ئاسایشی تێدا نییە، هەروەها ساڵانە زیاتر لە ٣٠-٣٣٪ ی بودجەی گشتی ولات بۆ کەرتی نەوت و وزەو کارەبا چووە، کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت زیاتر بووە، بەڵام عێراق بە نیاز بوو لە ٢٠١٦ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنە ٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەڵام نەتوانرا.

*** زیانەکانی حوکمڕانیی عێراق لەسەر ناوچە سوننەنشین و هەرێمی کوردستان چۆن بووە؟**

- لەبەر ئەوەی حوکمڕانیی عێراق بێ دەستوور و بێ یاسا بووە و لە غیابی سیستمی دامەزراوەییدا بووە، زیانەکەی بەر کوردستانیش کەوتووە، لەبەر ئەوەی پێمان خۆش بێ، یان نا ئێمە بەش بووین لە عێراق. چونکە بە پێی دەستوور و یاسای بودجە دەبوو حکومەتی عێراق تا ئێستا زیاتر لە ٨٠ تریلیۆن دیناری عێراقی بودجەی بە کوردستان بدایە کە نەیداوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ بڕی ٥٥ ترلیۆن دیناری عێراقی پارەی کوردستانە لەسەر عێراق بە نەفەقاتی سەروەری و حاکیمەو پترۆ دۆلارو خەرجی جیاجیاوە. لەساڵانی ٢٠١٤- ٢٠١٥-٢٠١٦-٢٠١٧ بودجەی هەرێم هاتە بڕین کە بەشە بودجەی هەر ساڵێکیش نزیکەی ١٠ بۆ ١١ تریلیۆن دینار بوو، تەنانەت ئەگەر ئەو بەشە بودجەیەی ساڵانە بە ٩ ترلیۆنیش بخەمڵێنیت، ئەوا دەگاتە ٣٣ ترلیۆن دینار. کەواتە پارەی کوردستان لای بەغدا تەنیا لە بودجە و لە ئیستحقاقاتی دەستووری دەگاتە زیاتر لە ٨٨ ترلیۆن دینار، هەروەها حکومەتی عێراق خۆی دزیوەتەوە لە جێبەجێکردنی قەرەبووکردنەوەی خەڵکی هەرێم هەر لە کیمیاباران و ئەنفال و ژینۆسایدەوە تاوەکو وێرانکردنی گوندەکان کە زیاتر لە ٣٧٤ ملیار دۆلار دەبێت حکومەتی عێراق لەبری قەرەبووکردنەوە بیداتە خەڵکی هەرێم، لەعورف و یاسای نێودەوڵەتیدا حکومەتی داهاتوو پێویستە قەرەبووی زیان لێکەوتووان و قوربانیانی دەستی حکومەتەکەی پێش خۆی بکاتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە دادگای تاوانەکان حوکمیان وەرگرتووە.

**لەبەر ئەوەی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی لەسەر پێکهاتەی کورد بوو، هەروەها وەزیری بەرگری عەرەبی سوننە بوو، چەندین جار لە پەرلەمان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا**

**ڕووی کردارییەوە دەوڵەتی عێراق بوونی نەماوە. پێنج پارێزگای سوننەنشین خەڵکەکەی چۆڵیان کردووە و تا ئێستا بواری ئەمنی خراپە و گرفتی داعش و مەزهەبگەرایی توند هەیە**

# چی دەبێت ئەگەر سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق بۆ کورد بێت؟

مـن نەمگوتـووە چـی دەبێـت ئەگـەر سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق کـورد بێـت، چونکـە ئـەوە پێشـتر روویـداوە و هیچـی لـە هاوکێشـەکە نەگۆڕیـوە، بـۆ نموونـە: نوورەدیـن مەحمـوود کـە لـە سـاڵی ١٩٥٢ بـوو بـە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق، ئەحمـەد موختـار بابـان لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـوو بـە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق، بـەڵام ئـەو دوو پیـاوە ئـەم پۆسـتە باڵایەیـان لەبـەر ئـەوە وەرنەگرتـووە کـە کـورد بـوون، بەڵکـو لەبەرئـەوەی کـە سـەر بـە لایەنێکـی دیاریکـراوی سیاسـی بـوون کـە نوێنەرایەتیـی گەلـی کـوردی نەکـردووە، یـان رەنگـە بێلایـەن بـوون و لـە کارەکانیانـدا شـارەزا بـوون، یەکەمیـان پلـەی فەریقـی یەکەمـی هەبـووە لـە سـوپای عێـراق، دوومیـان بـۆ مـاوەی ١٧ سـاڵ دادوەر بـووە، هەروەهـا پارێـزگاری کەربـەلاش بـووەو چەندیـن پۆسـتی وەزیرانـی لـە سـەردەمی پاشـایەتی هەبـووە، بۆیـە گوتـم: چی دەبێـت ئەگـەر سـەرۆکایەتیی وەزیـران بـۆ کـورد بێـت؟ نەمگـوت: چـی دەبێـت ئەگـەر سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق کـورد بێت؟ چونکـە ئـەوەی ئـەو پۆسـتە وەربگرێـت، دەبـێ لـە کوردسـتان بێـت تاکـو هاووڵاتـی عێراقـی هەسـت بکات کـە ئـەوەی حوکمـی عێراق دەکات، عەرەبێکـی نەتەوەپەرسـت نییـە، چونکـە نەتەوەپەرسـتە عەرەبـەکان شکسـتیان هێنـاو وڵاتیـان لـە شـەڕی بێهـوودەدا کاول کـرد، هەروەهـا دەبێـت مەزهەبیـی تایفەگـەر نەبێـت، چونکـە تایفەگـەران کۆمەڵگەیـان لـەت لـەت کـرد لـە رێـی فیکـری پەڕگیـردا، هەروەهـا ئیسـلامی ئایدیۆلۆجیخوازیـش نەبێـت، چونکـە ئیسـلامییەکان شکسـتیان هێنـاوەو ژیانـی خەڵکیـان کردۆتـە دۆزەخ بـەو فیکرانەیـان کـە لەگـەڵ رۆژگاری پێشـکەوتوودا ناگونجێـن، بەڵکـو ئـەوەی حوکمـی عێـراق دەکات، کوردێکـی مەدەنـی بێـت و بیەوێـت دەوڵەتێکـی مەدەنـی دیموکراسـی دابمەزرێنێـت کـە دوور لـە مۆرکـی ئایینـی و تایفەگـەری و ئایدیۆلۆجـی و قەومچێتـی بێـت.

لـە راسـتیدا ئایدیۆلۆجیخـواز و تایفەگـەر و قەومچـی و ئیسـلامییەکانی عەرەبـی سـوننە و شیعە بە تـەواوی ئـەو پێشـنیارە رەتدەکەنـەوە، تەنیا یـەك توێژ لە عێراق رەنگـە قبوولـی بکـەن، ئەویش رۆشـنبیران و باوەرهێنەرانـی بـە دیموکراسـی و دەوڵەتـی مەدەنـی و هاووڵاتیبـوون، بۆیـە ئامانجی سـەرەکی لە پێکهێنانی حکومـەت خزمەتکردنـی هاووڵاتیانـە، هەروەهـا بەدیهێنانـی دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی و یەکسـانییە، حکومـەت شـەونخوونی دەکات و شـەوو رۆژ بـۆ خزمەتـی هاووڵاتیـان کاردەکات و لـە بەرامبەریشـدا هاووڵاتییـان دڵسـۆز دەبـن، مەرجیـش نییـە هەمـوو هاووڵاتییـەك بـۆی دڵسـۆز بـن، چونکـە هەمـوو خەڵك فریشـتە نیـن، هەروەهـا هەمـوو حکومەتێکیـش نموونەیـی نییـە، وەك ئـەوەی ئەفلاتـوون و پاکیـش نییـە وەك شارەکەی فارابی، ئـەوەی مـن مەبەسـتمە ئەوەیـە کـە ئـەو دەوڵەتانـەی هاووڵاتیانیـان لـە خۆشـگوزەرانی و بەختەوەریـدان، خیانـەت لـە نیشـتمانەکانیان ناکـەن، بەڵکـو دڵسـۆزترین خەڵکـن لـە پاراسـتنی وڵاتەکانیـان و بەرگریکردنـدا، چونکـە حکومەتەکانیـان مەدەنـی و دیموکراسـی و خزمەتگـوزارو دادپـەروەرن، نـەك ئایینیی ئایدیۆلۆجی و دروشـمخواز، وەك ئـەوەی لای خۆمـان، جێگـەی گەندەڵـکارو دزو تاوانبـاران لەنـاو ئـەو حکومەتـە سـەرکەوتووانەدا نابێتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر وەزیرێـك، یـان بەرپرسێك هەڵـەو کەمتەرخەمـی کرد، یـان تۆمەتبارکرا ئـەوا دەسـت لـەکار دەکێشـێتەوە، چونکـە نایەوێـت لەبـەردەم هاووڵاتیانـدا گومانـی ئـەو شـتانەی لێبکرێـت، بـەڵام لەنێـو حکومەتەکانـی خۆمانـدا ئـەو گەندەڵـکارو دزو تاوانبارانـە جێگەیـان



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بۆتەوە، هەتا ئەگەر کۆی وەزارەتێك بدزن، کەس لێیان ناپێچێتەوە، چونکە هاتۆتە وەزارەت تاکو حەپەلووشی بکات، چەندین وەزارەت فرۆشراون و چەندین پۆستیش کڕدراون، چەندین کورسیی پەرلەمان بە نهێنییەوە حەڕاج کراون، ئەوان دوا لە هاووڵاتیان دەکەن نیشتمانیان خۆش بوێت و ئینتیمایان بۆی هەبێت و بەرگری لێ بکەن، بەڵام هاووڵاتی نیشتمانێکی خۆش ناوێت، شوێنی تەراتێنی گەندەڵکاران بێت، بۆ نموونە: ئەگەر سەرنجی هەڵوێستی هەندێ بەرپرسان بدەین لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو بەرامبەر هاووڵاتیان، ئەوکات دەزانین تاچەند دارزانی سیاسی لە وڵاتی خۆماندا هەیە. لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا بەرپرسێك دەبینین کە لەبەر هۆیەکی سادە دەست لەکار دەکێشێتەوە، بەڵام لای خۆمان بەرپرسان لە گەندەڵیدا رۆچوونە و بە ئاشکرا دیارو بەرچاون، کەچی دەست لەکار ناکێشنەوە هەتا ئەگەر میللەت لە باشوورەوە تا باکوور دژی ئەوان خۆپیشاندان بکات، بۆ نموونە: کارل تیودۆرتسۆگۆتنبیرگ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا دەستی لەکار کێشایەوە دوای ئەوەی دەرکەوت کە لە نامەی دکتۆراکەیدا ئاماژە بە سەرچاوەو ژێدەرکان نەکراوە، بۆیە زانکۆی بیریۆت بڕوانامەکەی لێ کێشایەوە، بەڵام لە وڵاتی خۆماندا هەندێك چاوەڕوان دەکات نامەکەی بۆ بنووسرێتەوەو بۆی بگەیەندرێتە ماڵەکەی لەبەرامبەر گرێبەست و پارەیەك، ئەمە یەك، دووەمیان کریس هیون وەزیری وزەی بەریتانی دەستی لەکارکێشایەوە، دوای ئەوەی تۆمەتباریان کرد کە لە سەرپێچییەکی هاتوچۆدا خۆی دزیوەتەوە، سێیەم : جۆن برایسۆن وەزیری بازرگانیی ئەمریکا لەبەر رووداوێکی هاتوچۆ دەستی لەکار کێشایەوە، چوارەم: ئیمیل بوك سەرۆك وەزیرانی رۆمانیا کە لەسەر داوای هاووڵاتیان کە دژی سیاسەتی پاشەکەوتکردن بوون، دەستی لەکار کێشایەوە، پێنجەم: میشال ئالیو ماری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەستی لەکار کێشایەوە هەر لەبەر ئەوەی هاریکاریی رژێمی بن عەلی کردبوو لە تونس کاتی پشووەکەی لەو وڵاتە لەساڵی ٢٠١٠، شەشەم: ئیما مۆرا وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ژاپۆن بەهۆی وتارێکیەوە دەرحەق باکووری ژاپۆن دوای بوومەلەرزەکەی ساڵی ٢٠١١، کاتێ گوتبووی: ئەو شتە باشتر دەبوو ئەگەر دوو کارەساتی سرووشتی تۆهۆکۆ (باکووری رۆژهەڵاتی ژاپۆن) بگرێتەوە، چونکە بوومەلەرزەیەك لە ناوچەکانی نزیك تۆکیۆ رەنگە زیانی ماددیی گەورەتری لێ بکەوێتەوە، حەوتەم: نۆبادۆن باتاما وەزیری دەرەوەی تایلاند دەستی لەکار کێشایەوە، دوای ئەوەی واژۆی لەسەر بەیاننامەیەك کرد کە پێچەوانەی دەستووری وڵاتەکەی بوو، بەڵام لە عێراق سەرپێچی لە زیاتر لە پەنجا ماددەی دەستووری کرا، وەك بڵێی هیچ نەبووبێت، تائێستاش حکومەتی بەغدا بەردەوامە لە سەرپێچیکردن لە دەستوور.

ئەم دەست لەکار کێشانەوانەش بەڵگەی شارستانی و رۆشنبیری و دڵسۆزی و خۆشەویستییانە بۆ نیشتمان و هاووڵاتیان و رێزگرتنیان لە یاساو دەستوور، کاتێکیش بەرپرس سووردەبێت کە لە پۆستەکەی بمێنێتەوەو دەست لە کار کێشانەوە رەت بکاتەوە لەگەڵ ئەوەی کە گەندەڵکارو شکستخواردووە، ئەمەیان بەڵگەی ئەوەیە کە لە گەندەڵی رۆچووەو پۆستەکەی بۆ مەرامی تاکەکەسی و حزبی قۆستۆتەوە، کاتێکیش وەزیرێك تۆمەتباردەکرێت بە گەندەڵی، ئەوا دێت گرێبەستێك لەگەڵ ئەو کەسە دەکات کە

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی تەرکیزی کردۆتەسەر ئەم بنەما سەرەکییانە و بەتایبەتیش دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمە مێژووییەکە، ئەوانیش بریتین لە بنیادنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی نەک نەتەوەیی، مەدەنی نەک ئایینی، دیموکراسی نەک دیکتاتۆری، دادپەروەر نەک ستەمکار، خزمەتکار نەک خزمەتکراو**

تۆمەتباری کردووە و پیاوێکی دەستپاك دەردەچێت، یان کاتێك بەرپرسێك تاوانێك دەکات، ئەوا پارەیەك دەدات و بێتاوان دەردەچێت، وەزیری دەستپاك لە پەرلەمان لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە نایەوێت گرێبەست لەگەڵ گەندەڵکاران بکات، بۆیە متمانەی لێوەردەگیرێتەوەو دەبێتە تۆمەتبار، هەندێ جاریش لەسەر پارەکە ڕێك ناکەون و بە نهێنییەوە شەڕدەکەن و بە ئاشکراش ریسوا دەبن، بە چاوی خۆمان ئەم گاڵتەجاڕییەمان بینی کاتێ لێپرسینەوە لەگەڵ خالید عوبەیدی وەزیری بەرگریی عێراق کرا، ئەو گاڵتەجاڕییەی کە هاووڵاتی عێراق نایزانێت، چونکە لەپشت پەردەوە ڕوودەدات، دواتر یەکێك دێت و باسی دەستپاکی و چاکسازی و ئینتیما و یەکێتیی نیشتمان دەکات، ئەمەیە ڕاستییەکە، ئەگەرنا ئەم ململانێی و کێبڕکێیە لەپای چی؟ هەموویان پەرۆشی دەسەڵاتن و کەس خەمی نیشتمان و هاووڵاتی نییە، ئەدی نرخی وەزارەت نەگەیشتە ملیۆنان دۆلار؟ ئەدی کورسییەکی پەرلەمان نەگەیشتە دوو ملیۆن دۆلار؟

ئەم چینە سیاسییە گەندەڵە لەوەتەی ٢٠٠٣ وە چییان پێشکەشی هاووڵاتی عێراقی کردووە؟ سامانی ئەم وڵاتە بۆ کوێ چووە؟ کوا توانا و یەدەگیی وڵات و ئەو پارە قەبەیەی بۆ کارەبا تەرخانکرا، لەکوێدا خەرجکرا؟ کوا ئاو و بەنداو و ڕێگاوبان و کشتوکاڵ؟ دڵی مرۆڤ ژان دەکات کاتێ هەر دوو ڕووباری دیجلەو فورات دەبینێت، کوا پێگەمان لە پەروەردەو خوێندندا و کوا زانکۆکانمان و ئاوەدانی و پاکوخاوێنی و جوانی و گەشتوگوزارو سەروەری و یەکێتی و پێگەی هاووڵاتی عێراقی لە جیهاندا؟ کاتی ئەوە هاتووە میللەت ئەو چینە سیاسییە گەندەڵە بۆ هەتایی بسڕێتەوە، ئەمانە ناتوانن متمانەی هاووڵاتی بگێڕنەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانیش ئەم ریسواییە ئاشکرا بوو، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە هاووڵاتیی عێراقی لەم دەم و چاوانە نائومێد و بێزار بووە.

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە هیچ سەرۆك وەزیرانێك نەهاتووە خەمی خەڵکی بوویێت بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و مەزهەبیانەوە، یەکێك دێت بۆ نەتەوەکەی خۆی دادپەروەردەبێت و ئەوانی دیکە بەتایبەتیش کورد پەراوێز دەخەن، یەکێکی دیکە دێت شەڕ دژی کورد دەکات، سێیەم دێت گرنگیی بەوانە دەدات کە دێنە ڕیز حزبەکەیەوە، وەك حزبی بەعس و سیاسەتی بەعسیکردن و بە عەرەبکردن پەیڕەوە دەکات، دواتر چینێکی سیاسیی دێت دوای ڕووخانی بەعس، کە چینی ئیسلامیی سیاسیی شیعەیە بە نوێنەرایەتیی حزبی دەعوە، زیاتر فۆکس دەکاتە سەر ئایدیۆلۆجیای ئایینی، خەمی یەکەم و کۆتاییشی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیەتی، هەروەها دەرکردنی یاسا بۆ بەرژەوەندیی خۆی، وەك یاسای پشووەکانی ئایینی و مەزهەبی، یاسای حەشدی شەعبی و باری شارستانیی مەزهەبی جەعفەری، هەروەها بودجەی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، بە واتایەکی دیکە گۆڕینی دەوڵەت لە تەعریبی سیاسییەوە کە بەعس دەستی پێکرد بۆ بەئایدیۆلۆجیاکردنی ئایینی (شیعەگەرایی سیاسی)، ئەم سیاسەتە ئایدیۆلۆجییە جوداخوازییە یەکێتیی کۆمەڵایەتیی وڵاتی پارچەپارچە کرد، کورد هەستیان بە نامۆیی کرد لەم نیشتمانەدا بەهۆی تەعریبەوە، سوننەش بە هەمان شێوە لەبەر شیعەگەرایی، پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دیکەش لەبەر پاکتاوی ئایینی ڕوویان لە وڵاتان کردو ئاوارە بوون، شوێنکەوتووانی ئەم ئایدیۆلۆجییەتە ئایینییە مامەڵەیەکی پەرگیریی توند لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەکەن، ئەوەی لەگەڵیان نەبێت، دژیانەو نابێ بمێنێت، بۆیە ئەم ئایدیۆلۆجییەتە ئایینییە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و مەزهەب، عێراقیش بە نموونە.

سوننەو شیعە شکستیان هێنا لە حوکمڕانیی وڵاتدا، بەڵام عێراقییەکان لەمیانی سەد ساڵدا کوردیان تاقی نەکردۆتەوە، مرۆڤی کورد نابێتە نەتەوەپەرست و ئایدیۆلۆجیخواز ئەگەر ببێتە سەرۆك وەزیران، کێ جورئەتی ئەوەی هەیە خوالێخۆشبوو مام جەلال تۆمەتبار بکات بەوەی کە نەتەوەپەرست بووە، بێگومان سەرۆکێکی مەدەنیی هەموو عێراقییەکان بوو، هەروەها بەڕێز هۆشیار زێباری کە وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، کێ بڕوای دەکرد کە کوردە ئەگەر ناوەکەی نەبووایە، ئەو بەبێ جیاوازی بۆ عێراق و هەموو عێراقییەکان کاری دەکرد، بەڵکو ئێمە تۆمەتبارمان دەکرد بەوەی کە بایەخ بە کوردستان و گەلەکەی نادات، ئەو پیاوە توانی ڕوویەکی شارستانی بداتە دیپلۆماسییەتی عێراقی، کاتێکیش وەزارەت درایە جەعفەری، ئەو ڕووە شارستانییەی وەزارەت نەما، وەزارەت بوو بە ئامرازێك بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراو، بەم شێوەیە ئەوانی دیکەش کە پۆستی گرنگیان لە دەوڵەتی عێراق وەرگرت، نیشتمانپەروەری لەپێشەوەی هەموو شتەکانی دیکەوە بوو، بە پێچەوانەی بەرپرسانی دیکە، کە لە چوارچێوەی نەتەوەپەرستی و ئایدیۆلۆجییەت ڕزگاری نەبوو، مرۆڤی کورد مەدەنییەو حەز بە ئاشتی و پەرەپێدان

**کاتی ئەوە هاتووە و گونجاویشە دەرفەت بە کورد بدرێت تاکو پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، ئەزموونی کوردستان سەلماندوویەتی بۆ جیهان کە سەرکەوتوو بووە، ڕاستە ئەزموونێکی نموونەیی نییە و هەڵەو کەموکوڕیی هەیە**

**هەر دەوڵەتێکی دیکە بوایە لە جیاتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو تەحەدییانە ئەوا بە تەواوی هەرەسی هێنابوو، بەتایبەتیش حکومەتی بەغدا، چونکە حکومەتەکەی عەبادی هەر کە داعش لە بەغدا نزیک بووەوە، خەریک بوو هەڵدەهات، ئەگەر ئەو فتوایەی سیستانی نەبوایە کە داوای کرد پێویستە شەڕی داعش بکەن**

**سوننەو شیعە شکستیان هێنا لە حوکمڕانیی وڵاتدا، بەڵام عێراقییەکان لەمیانی سەد ساڵدا کوردیان تاقی نەکردۆتەوە، مرۆڤی کورد نابێتە نەتەوەپەرست و ئایدیۆلۆجیخواز ئەگەر ببێتە سەرۆک وەزیران، کێ جورئەتی ئەوەی هەیە خوالێخۆشبوو مام جەلال تۆمەتبار بکات بەوەی کە نەتەوەپەرست بووە، بێگومان سەرۆکێکی مەدەنیی هەموو عێراقییەکان بوو**

و خۆشگوزەرانی و ژیانی ئاسوودە دەکات، گوێ ناداتە پۆلێنخوازیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی، کوردستانی عێراقیش نموونەیەکی سەرکەوتووی پەرەسەندنی مەدەنی و شارستانی و رۆشنبیری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە لەنێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکاندا، ئێمە ئەو قۆناخە گرنگەی مێژووی خەباتمان تێپەڕاند، لەئێستادا بانگەوازی ئاشکرا هەیە لە سەرکردەکانمانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی لە جیاتی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، لەبەر بوونی نەتەوەی دیکە، هەروەها بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی بۆ پەراوێزخستنی دەوڵەتی ئایینی و ئایدیۆلۆجی، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی تەرکیزی کردۆتەسەر ئەم بنەما سەرەکییانە و بەتایبەتیش دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمە مێژووییەکە، ئەوانیش بریتین لە بنیادنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی نەك نەتەوەیی، مەدەنی نەك ئایینی، دیموکراسی نەك دیکتاتۆری، دادپەروەر نەك ستەمکار، خزمەتکار نەك خزمەتکراو.

ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی مالیکی بوودجەی لە کوردستان نەبڕیبا کە تائێستاش هەر بڕاوە، ئەوا لەئێستادا هەولێر دەگەیشتە ئاستی شارە هەرە پێشکەوتووەکان، بۆیە سەرباری بڕینی بوودجەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی رێزدار نێچیرڤان بارزانی پشتی بەخۆی بەست، لە رووی ئاوەدانی و ئیداری و خزمەتگوزارییەوە زۆر پێشکەوتووە، ئەگەر شەڕی داعش و بڕینی بوودجەو دابەزینی نرخی نەوت و قەیرانی ئاوارەش نەبوایە کە کوردستانی گرتەوە، ئەوا لەئێستادا لە قۆناخێکی زۆر پێشکەوتوودا دەبووین لە هەموو روویەکی ژیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئەو تەحەدیانە بۆتەوەو بە دانایی و ئارامی و لەخۆبردنەوە بەسەر ئەو کۆسپانەدا سەرکەوت، ئەگەر هەر دەوڵەتێکی دیکە بوایە لە جیاتی هەرێمی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو تەحەدییانە ئەوا بە تەواوی هەرەسی هێنابوو، بەتایبەتیش حکومەتی بەغدا، چونکە حکومەتەکەی عەبادی هەر کە داعش لە بەغدا نزیك بووەوە، خەریك بوو هەڵدەهات، ئەگەر ئەو فتوایەی سیستانی نەبوایە کە داوای کرد پێویستە شەڕی داعش بکەن، بۆیە هەر لەبەر ئەو فتوایەش بوو کە حەشدی شەعبی دامەزرا.

هەڵبژاردن کۆتایی هات، بەڵام تائێستاش جیاکردنەوەی دەستی بۆ ئاشکراکردنی ساختەکاری لە سندووقەکانی هەڵبژاردن بەردەوامە، خۆپیشاندانی جەماوەرییش باشووری عێراقی گرتۆتەوە، بەتایبەتیش لە بەسرە کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی عێراقە، ئەو خۆپیشاندانانە پەیامێك هەڵدەگرن ئەویش ئەوەیە کە ئەو تاقمە سیاسییەی دوای رووخانی رژێم حوکمی عێراقی کرد شکستی هێناوە، کاتی رۆیشتنی هاتووە و ئەم خۆپیشاندانانە بەردەوام دەبن تاکو ئامانجەکانیان دەپێکن، چونکە لەشێوەی شۆڕشی شەعبانییە، زۆر ناشیرنیشە کە هەندێ سیاسەتوان تۆمەت بۆ خۆپیشاندەران هەڵدەبەستن بەوەی کە داعش و بەعسین، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە عەبادی سامانی عێراق بەسەر پارێزگایەکدا دابەش بکات جگە لە پارێزگایەکی دیکە، کە ئەمە دەسەڵاتی ئەو نییە، نەك بۆ قایلکردنی خۆپیشاندەران، بەڵکو لە ترسی پێگەی سیاسی و ئایندەی وەزاریی خۆی، بۆچی کاتێك پێویست بوو ئەو سامانەی دابەش نەکرد؟ بۆچی عەبادی بڕیاری دا کە ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران لە فەرمانگەکانی دەوڵەت دابمەزرێنێت؟ ئەدی بۆچی ئەو کاتەی بێکار بوون و هاواریان دەکرد داینەدەمەزراندن؟ بۆ دەسکەوتی سیاسی نییە؟ پێموایە ئەو بانگەشەو بڕیارانە سوودیان نییە، چونکە خۆپیشاندەران سنوورە تەسکەکانیان بڕیوە.

پێموایە کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان لە بەرگی نەتەوەپەرستی و تایفەگەری دەرچن و بچنە نێو جیهانێکی فراوانی مەدەنی و دیموکراسییەوە، گوێ نەدەنە ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆك وەزیران، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بێت خزمەتی هاووڵاتیان بکات، وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە و گونجاویشە دەرفەت بە کورد بدرێت تاکو پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، ئەزموونی کوردستان سەلماندوویەتی بۆ جیهان کە سەرکەوتوو بووە، راستە ئەزموونێکی نموونەیی نییە و هەڵەو کەموکوڕیی هەیەو گەندەڵیش لە فەرمانگەو وەزارەتەکاندا هەیە، بەڵام بە رێژەیەکی کەم، هەروەها هەوڵی زۆر دەدرێت بۆ لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران، ئەمەش دەرفەتێکی باشەو نابێ لە دەست بچێت، بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم بووە لە سەر ئاستی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراق، ئەگەر بمانەوێت وڵات لە هەرەس و رووخان رزگاربکەین، ئەوا لێمانگەڕێن بوار بە کورد بدەین سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، چونکە سوننەو شیعە شکستیان هێنا و کورد ماوە، تائێستاش دەرفەتی پێ نەدراوە سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، هەرچەندە پێموایە کە قبوولکردنی ئەمە زۆر زەحمەتە، چونکە ئامانجی ئەوانەی ئەو پێشنیارە رەتدەکەنەوە بریتییە لە بەرژەوەندیی تایبەت و پەرۆشییان بۆ دەسەڵات، نەك بەرژەوەندیی هاووڵاتیان کە مەینەتیی زۆریان چەشتووە.

**لە عێراق سەرپێچی لە زیاتر لە پەنجا ماددەی دەستووری کرا، وەک بڵێی هیچ نەبووبێت، تائێستاش حکومەتی بەغدا بەردەوامە لە سەرپێچیکردن لە دەستوور**

**کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان لە بەرگی نەتەوەپەرستی و تایفەگەری دەرچن و بچنە نێو جیهانێکی فراوانی مەدەنی و دیموکراسییەوە، گوێ نەدەنە ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆک وەزیران، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بێت خزمەتی هاووڵاتیان بکات**

**ئەو دەوڵەتانەی هاووڵاتیانیان لە خۆشگوزەرانی و بەختەوەریدان، خیانەت لە نیشتمانەکانیان ناکەن، بەڵکو دڵسۆزترین خەڵکن لە پاراستنی وڵاتەکانیان و بەرگریکردندا، چونکە حکومەتەکانیان مەدەنی و دیموکراسی و خزمەتگوزارو دادپەروەرن، نەک ئایینیی ئایدیۆلۆجی و دروشمخواز**